٦

هەڵبژاردەیەک لە ئایدیا
بڵاوکراوەکانی فەیسبوک

# لە پوچییەوە
# تا بەرەنگاری

وەلید عومەر

# پێشەکی:

ئـەوەی لـەم کۆکراوەیـەدا هاتـووە، هەڵبژاردەیەکـە لـەو ئایدیایانـەی کـە لـە چـوار تـا پێنـج سـاڵی ڕابـردوودا لـە فـەزای مەجـازی بڵاوبوونەتـەوە. ئامانـج لـە کۆکردنەوەیـان ڕوونـە: یەکـەم، پاراسـتنیان لـە فەوتـان و بیرچوونـەوە. دووەم، ئاسـانکاری و بەردەسـتبوونیان بـۆ خوێندنـەوە. سـێیەم، چوونـە ژێـر بەرپرسـیاریی زۆرێـك لـەو شـتانەی کـە دەیڵێـین و دەینوسـین(بەتایبەت لـە فـەزای مەجازییـدا کـە پـتر وەك کـەشی بێبـاکی دەردەکەوێـت). ئەکاونت(هەژمـار)ی فەیسـبوك، گەرچـی لەڕواڵەتـدا دەتوانێـت ڕۆڵـی ئەرشـیف بگێڕێـت، بـەڵام بـە حوکمـی ئـەوەی سـەر بـە فەزایـەکی قەرەباڵغـترە ئـەوا ڕۆڵەکـەی کاڵدەبێتـەوە. کۆکردنـەوەی هەندێـك لەوبۆچـوون و سـەرنج و ستاتوسـانە لـە کتێبێـکی ئەلیکترۆنییـدا، ئاسـانکارییەکی زیاتـرە بـۆ خوێندنـەوە.

لـە ئاسـتی شەخسییشـدا، فەیسـبوك بـۆ بنـوسی ئـەم بۆچوونانـە، جۆرێـك بـووە لـە مەشـق و تەمرینـی نوسـین(گەرچی پێشـتر دارشتن-انشـاء-ی قوتابخانـە ڕۆڵـی بـۆ هـەر کەسێك هەبـووە کـە عەشـقێکی بـۆ نوسـین هەبووبێـت). لـەم ماوەیـەدا کـە ئـەم فلاشـە کـورت و کەمتـازۆر درێژانـە نـوسراون، کۆمەڵێـك هەڵبەزودابـەز هەبـووە؛ جـا چ لـەڕووی فۆرمـەوە بووبێـت یـان نـاوەڕۆك. چ زمـان و دارشـتن و توانـای تەعبـیر بێـت، چ پاڵنـەری فیکـری و سیاسـییانە بووبێـت. لـە سـەرەتاکانەوە بیرێـکی کەمتـازۆر ڕەشـبینانە و نیهیلیسـتی هەیـە، پاشـان وەردەگەڕێـت بـۆ جۆرێـك لـە خوێ،دنـەوەی سیسـتەم و بەرەنـگاری. بـەڵام لەڕاسـتیدا ئـەم وەرگەڕانـە، گەرچـی

پلەپلـە بـووە، بـەڵام پەیوەندییـەکی دیالەکیتکییـان بەیەکـەوە هەیـە: بەرەنـگاری دەتوانێـت چـارەی ئـەو ڕیشـە نیهیلیسـتییانە بێـت کـە هەسـتماندەکرد بێچـارەن. وەرچەرخـان لـە بیرکردنـەوەدا لـە قۆناغـەکانی گەنجییـدا، ئەگـەر وەرچەرخانێـکی تەدریجـی و پەیوەسـت بێـت، دەتوانێـت ڕۆڵـی ئیجابیـی هەبێـت بـۆ تێگەیشـتن لـە ڕابـردوو و ئێسـتاش. بـە مانایـەکی تـر، لەو زەمەنـەدا کـە ئـەم شـتانەی تیـا نـوسراوە، پرۆسـەی بەسـوبێکتبوون ئەزموونەکەیـن. سـوبێکت بەیـەك جـار نابێتـە سـوبێکت، بەڵکـو بـە گـۆڕان و صەیرورەیـەکی مێژووییـدا دەبێتـە سـوبێکت و کۆتایـی ئـەم پرۆسـەیەش داناخرێـت. سـادەتر: بـە گەڕانـەوە بـۆ دواوە، تێدەگەیـن بەشـێك بوویـن لـە سـیناریۆی بەسـوبێکتبوون، بەشـێك بوویـن لـە پرۆسـەیەك کـە ملکەچـی هەلومـەرج بـووە و بەرەهایـی ئـیرادەی ئێمـە ئیـشی تیـا نەکـردووە. لـە سـەرەتدا گـەر جۆرێـك لـە جەبـر لـە ئایدیـا و پۆسـتەکاندا ببینرێـت، ئـەوا دواتـر وەردەگەڕێـت بـۆ خوێندنـەوەی سیسـتەم و تەرحکـردنی بەرەنـگاری. بۆیـە بەشـێوەیەکی» ڕوولەپـاش» و ڕیترۆئەکتیـڤ، تێدەگەیـن هیچـکام لـە ئایدیـاکان زیـادە نەبـووە و دەتوانێـت بەشـێك بێـت بـۆ تێگەیشـتن لـە زەروورەتی بەرەنـگاری.

فیکـر دەبێـت لەسـەر هەمووشـت قسـەبکات. بەپێچەوانـەی ئـەو کلێشـە کوردییـەوە کـە دەڵێـت: نابێـت لەسـەر هەمووشـت قسـەبکەین. ئـەم (هەمـوو شـتە...) بـەو مانایـە نایـەت بـاسی فیزیـا و بـیرکاری بکرێـت، بەڵکـو بـەو مانایـە دێـت کـە هەمـوو دیاردەکان و شـتەکان قابیلی تێڕامانـن و فیکـر دەتوانێـت لێیـان وردببێتـەوە. ئـەم وردبونەوەیـە، بـە کەرەسـتەی تایبەتیـی فیکـر خـۆی ئەنجامەدرێـت. فیکریـش لێـرەدا ناوێـکی گشـتییە بـۆ فەلسـەفە و دەروونشـیکاری و تەنانـەت نیشـانەناسی و دەروونـاسی و کۆمەڵنـاسی. ڕەنگـە لـە ئایدیایـەکی کورتـدا، پشـکی هەریەکـە لەوانـەی تێکەوێـت؛ بەبـێ ئـەوەی ناویـان بهێنرێـت و بـواری باسـکردنیان هەبێـت. پاشـان قەبـارەی ستاتوسـەکانی فەیسـبوك، زیاتـر بـواری ورووژانـدنی باسـێك دەدات، یـان مەجالـدەدات دەرەنجامـی کێشـەیەك بخەیتـەڕوو. زۆرجاریـش تەنیـا تەرحێـکی سـەرەتایی و کرچـوکاڵ بێـت و لـە کاتێـکی تـردا ئیـشی لەسـەر بکرێتـەوە. ئـەم ئایدیایا کۆکراوانـە، جـار هەیـە لـە زمانێـکی ئـەدەبی نزیکدەبنـەوە و جاریـش هەیـە کۆنکرێتـی و شـیکاری. لەکـۆی هەمووشـیاندا هەوڵـدراوە جۆرێـك لـە زمـانی نـوێ و داڕشـتنی نـوێ بهێنرێتـە ئـاراوە. لـەوەدا چەنـد سـەرکەوتوو بـووە، درەنگـتر دەردەکەوێـت. هـاوکات بەبـێ ئەخلاقیکردنـەوە و خاکیکردنـەوەش، دەبێـت

بڵێـین مەشـقی نوسـین، خاڵـی نیـە لـە هەڵـەی تیـۆری و پارادۆکـس و ناکۆکیـی فیکـری. بـەشی هـەرەزۆری پۆسـتەکانیش کـە کـورت بـوون و پارچەپارچـە بـوون، لـە ناواخنـدا تەعبـیرن لـە پارچەبـوونی دونیـا خـۆی. بـەڵام ئـەم پارچانـە قابیلیـەتی کۆکردنەوەیـان هەیـە و دەکرێـت حەکایەتێـکی گشـتی بـۆ ڕزگاری داتاشـین و پارچـە ناچونیەکـەکان کۆبکەینـەوە. سیسـتەم خـۆی لـە ڕوکنـی جیاجیـاوە سـیمای خـۆی دەردەخـات و جاریـش هەیـە سـیمای خـۆی دەشـارێتەوە. بـەم پێیـە، پێویسـتدەکات هەرجـارە لـە ڕوکنێکـەوە هەوڵـی بینـین و خوێندنـەوەی سیسـتەم بدەیـن.

پێـش ئـەوەی واڵـی فەیسـبوک وەك «ئیمکان»ێـك دەرکەوێـت، بێزارییـەك لەلایـەن نوخبـەوە دەبیـنرا سـەبارەت بـە زۆر نوسـین و زۆربـوونی نوسـین. بۆنمونـە دەوتـرا: شـارخەریکە هەمـووی دەنوسـێت، هەمـووی بـووە بـە نوسـەر. ڕیشـەی ئـەم قەناعەتـە بـۆ کۆمۆنیسـتێك زۆر نادیـار نیـە. چونکـە نوسـین پـتر بـۆ نوخبـە بـووە، بـۆ نوخبەیـەك بـووە بەرەکـەی بچنێتـەوە ببێتـە خـاوەنی سـەروەتێکی ڕەمـزی. بـەڵام لەڕاسـتیدا گرنگـە بەرگـری لـە نوسـین بکەیـن وەك پرسـێکی گەنجانـە و جەمـاوەری. زیندووکردنـەوەی عەشـقی نوسـین بـۆ زۆرینـە، سـڕینەوەی ئـەو تەماعـە شەخسـییانەی نوسـەرە کـە کینـەی دەرهـەق بەوانیـتر هەیـە بنوسـێت. نوسـین شـتێك نیـە بکرێتـە موڵکایەتیـی تایبـەت و ئەوانیـتری لـێ مەحـرووم بکرێـت. بـەڵام ئـەم نوسـینەی ئێمـە مەبەسـتمانە، نوسـینێکە کـە لـە خزمـەتی بەرەنگارییـدا بێـت. لەوپـەڕی قووڵیـی خۆیشـیدا، ئەکتێـکی بەرەنگارانـە بێـت. بەرەنـگار هـەر ئـەوە نیـە ڕاسـتەوخۆ ئیدیعـای لێـدانی سیسـتەم و دەسـەڵات و نەریتـە کۆنـەکان بکەیـت، بەڵکـو مەبەسـتەکە پـتر سـتراتیژی نوسـینە. بـۆ دەنوسـین؟ لـە کـۆدت و دەرەنجـام دەمانەوێـت چـی بـگات؟ ئەمـەش لـە پێناسـەی نوسـەربوونەوە دەسـتپێدەکات و دەبێـت ئـەو پێناسـە نیهیلیسـتییە بـۆ نوسـەر تێکبشـکێنین کـە پێـی وایـە نوسـین دوافیشـەکە دەینێیـت بـە خۆتـەوە و هیـچ ارەیـەکی تـرن نیـە. دەبێـت شـتێکی لـەم جـۆرە بڵێـین: نوسـین فیشـەکێکە دەنرێـت بـەو فیگەرانـەوە کـە ئیمـکانی ژیـان بچـوك و بەرتەسـکدەنەوە. کـە تادێـت فۆرمـی تـازەی چەوسـاندنەوە دادەهێنـن. هـەر نیسـبەت بـەم خاڵـەوە گرنگـە ئامـاژە بـۆ شـتێکی تـر بدەیـن: دەنگێـك هەبـوو، ئێسـتاش بەجۆرێـك هەیـە، کـە فەیسـبوك شـوێنێکی جـدی نیـە. لەڕاسـتیدا بـۆ کەسـێك کـە پەیامێـکی هەبێـت و بیەوێـت بـە هـەر نرخێـك بێـت بـگات، ئـەوا فەیسـبوك یەکێکـە لـە ئیمکانـەکان و بگـرە لـە ئیمکانێکیـش

زیاتـرە. چیـتر ئـەو واقیعـە بێگـەردە بـوونی نیـە کـە ڕۆژانێـك واسـەیردەکرا هەیـە. دەتوانـین فەیسـبوك بکەینـە یەکێـك لـە ئیمکانـەکانی نـاو واقیـع بـۆ ئـەوەی بـواری ئیـشی بەرەنگارانـە بڕەخسـێنین.

سـەرەنجام ماوەتـەوە بڵێـین کـە هەمـوو ئایدیایـەك کـە لـە فەیسـبوك بڵاودەکرێتـەوە، کۆمێنـت و ڕای ئەوانیتریـشی لەگەڵدایـە. ئـەم کۆمێنـت و ڕایانـە، بـە مانایـەك لـە ماناـکان، دەبنـە بەشـێك لـە دەقەکـە و ئایدیاکـە. بەشـداردەبن لـە بۆشـایی و زیادەیـی و ئیمکانـەکانی نـاو ئایدیاکـە. بـەڵام لـە ئیشـێکی لـەم جـۆرەدا، کۆمێنتـەکان لـە ئایدیاکـە جیادەبێتـەوە و لـە ڕێگەیـەکی تـرەوە بـەر خوێنـەر و کۆمێنتـی تـر دەکەوێـت کـە ئـەم جارەیـان بـواری نوسـینەوەی نابێـت. جێـی بیرخسـتنەوەیە کـە دەسـکاریی ڕێنـوس و ڕێزمـانی بابەتەکانمـان نەکـردووە تاکـو دۆخ و بـەرواری نوسـینەوەیان بنوێنێتـەوە. لـە ٢٠١٢یشـەوە بـۆ ٢٠١٧ بابەتـەکان ڕیـز کـراون، دیسـان لەبـەر ئـەوەی بـەرزی و نزمیـی بیرۆکـەکان دەرکەوێـت. سـەرەتا چەنـد فۆتۆیەکـمان خسـتە کۆکراوەکـەوە کـە بـۆ ڕوونبوونـەوەی هەندێـك پۆسـت پێویسـت بـوو، بـەڵام لەبـەر قورسـیی کتێبەکـە و قبوڵنەکـردنی لەلایـەن سـێرڤەری سـایتەکەوە لامانـبرد و هیواداریـن نوقسـانی و ناڕۆشـنی دروسـتنەکات. هەروەهـا ئەمـە بەرگـی یەکەمـە لـەم پـڕۆژە مەجازییـەی گرووپـی نێگەتیـڤ. بەرگـی دووەمیـش، کۆکردنـەوەی ئایدیـا و سـەرنجەکانی هـاوڕێ «زەردەشـت نورەدیـن» لەخۆدەگرێـت.

# 2017

# «هەنگاوێک بۆ پێشەوە، دوو هەنگاو بۆ دواوەوە»

هەمـوو ئـەو پێناسـە باوەمـان بیسـتووە کـە دەڵێـت «سیاسـەت هونـەری مومکیناتـە». واتـە لـە سیاسـەتدا هەمـوو شـتێك قابیلـی ڕوودانـە و ئیمکانـی ڕوودانـی هەیـە. گـەر لـەڕووی ئەخلاقییـەوە سـەیری وشـەی «مومکینـات «بکەیـن ئـەوا هەمـوو ئەگەرێکـی بـاش و خـراپ لـە گۆڕێیـە، هەمـوو ئامرازێکـی خراپیـش مومکینـە لەپێنـاوی ئامانجێکـدا بخرێتەگەڕ(گەرچـی ئەمـە ماکیاڤیللی-مـان بیردەخاتـەوە بـەڵام ئێسـتا سـەردەمی ماکیاڤیللـی نیـە و دوژمنـەکان بەنیسـبەت یەکـترەوە زۆر ڕوون نیـن و مەترسـی و بەرژەوەندییـەکان تێکئـاڵاون).

«مومکیـن» لـە سیاسـەتی ئەمـڕۆدا، پـتر لـە بێمەبدەئییـەوە نزیکـە. سیاسـەت دەمێکـە مەبدەئـی خـۆی لەدەسـتداوە و بەنـاوی سـتراتیژەوە، دەرگای هەمـوو ئیمکانـە نائەخلاقییـەکان دەکاتـەوە. لـە دیـدی چەپێکـی ڕادیکاڵیشـەوە، مومکیـن بـەم مانایـە دێـت: هەمـوو شـتێك مومکینـە، ئیـلا شۆڕشـێکی ڕیشـەیی نەبێـت. یـان لـە دیـدی ئـەو خەڵکەشـەوە کـە لـە نهێنییەکانـی ئیشـکردنی سـەرمایەداری تێنـاگات، سـەرمایەدارێکی وەك (شاسـوار عەبـدول واحیـد) بـە ئیمکانێکـی تـر دەزانێـت لـە سیاسـەتدا و پێیوایـە دەبێـت تاقیبکرێتـەوە. لەولاشـەوە مەسـەلەی ڕیفرانـدۆم دەسـبازیکردنە لەگـەڵ ئـەو «ئیمکان»ـە کۆنـەی کـە سـەدەیەکە لـە مێـژووی کوردسـتاندا هەیـە. زیـاد لـە دەیەیـەك بـوو کـە سیاسـەت لـە کوردسـتان گەیشـتبووە بونبەسـت، و بـەدوای ئیمکانێکـی تـازەدا دەگـەڕا. بزووتنـەوەی گـۆڕان ئـەم ئیمکانـەی کۆنترۆڵکـرد و تارادەیـەك بـەرەو پوچەڵکردنەوەشـی بـرد. سـەلماندی کـە ئیمکانـی دەرکەوتنـی بزووتنەوەیـەك هەیـە و هیچـی تـر. ئەوەشـی کـە ئێسـتا تێگەیشـتنی بـۆ ئـەوان ئاسـان نیـە ئـەو بنبەسـتەیە کـە ئێسـتا پارتـی درووسـتیکردووە. ئـەم بنبەسـتە بەرەنجامـی ئـەو بـۆرژوا نەوتخـۆرە نیشـتمانییەیە کـە دەیەوێـت ژێسـتی سـەربەخۆیی و ڕیفرانـدۆم بنوێنێـت. ئـەوان دەڵێـن سـەربەخۆییمان دەوێـت، بـەڵام لەڕێگـەی پارتییـەوە نـا. ئـەم ناکۆکـی و بنبەسـت و پارادۆکسـە، بەرەنجامـی ئێسـتای هەمـوو

ئـەو هێزانەیـە کـە دواخەونیـان خەونـی دەوڵەت-نەتەوەیـە. پارتـی یـەك هێـز نیـە بەڵکـو چڕبوونـەوەی بۆرژوازیـی نەوتخـۆری کوردییـە. ئەمـە لـە سـەرەتاییترین دەرسـەکانی دیالەکتیکـە. دەوڵـەت هەمیشـە هـی چینێکـی باڵادەسـتە و هیـچ پرۆژەیەکـی نەتەوەیییـش ڕەزامەندیـی ڕەهـا وەرناگرێـت و پێویسـتی بـە نەیارێکە(لێرەشـەوەیە کـە بارزانـی زۆر گوێـی بـەوە نـەدا کـێ بەشـداریی کۆبوونەوەکـەی دەکـرد یـان نـا). گومانـی تیـا نیـە ڕەتکردنـەوەی ڕیفرانـدۆم، لـە سـیاقێکی دیاریکـراودا جۆرێکـە لـە بەرەنـگاری، بـەڵام ئـەم بەرەنگارییـە خـۆی لـەو ڕاسـتییە دەشـارێتەوە کـە ئـەوەی ئێسـتا دەگوزەرێـت بەرەنجامـی لۆژیکیـی جیاوازیـی چینایەتییـە لـە کوردسـتان و ڕیشـەکەی بـۆ داهاتوویەکـی دوور درێژدەبێتـەوە و کێشـەکە لـە بەڵێ/نەخێـردا نیـە. جیاوازیـی چینایەتـی لـە کۆمەڵـگادا بـە شـێوەی ١ + ١ نیـە، بەڵکـو هێزێـك دەبێتـە نوێنـەرەوەی ئـەو جیاوازییـە و ڕەمزییەتـی ئەوانیتریـش لـە خۆیـدا دەنوێنێتـەوە. گەمـە جیهانـی و ئیقلیمییـەکان هەرچـی بـن، لـە ناوخـۆدا جیاوازیـی چینایەتـی هـەر ئیشـی خـۆی دەکات و بگـرە تۆختریـش دەبێتەوە(گـەر پارتـی نوێنـەری گوتـاری سـەربەخۆییە، ئـەوا هـاوکات لەسـەرووی ١٠٠٠ کۆمپانیـای تورکـی لـە کوردسـتانە و بـە کارمەنـد و کرێـکاری خۆیانـەوە پـارەی کوردسـتان دەبەنـەوە بـۆ بازاڕەکانـی تورکیـا و هـاوکات ١٨ بنکـەی سـەربازیی تورکیـا لـە خاکـی کوردسـتاندایە و بەمـەش قورسـایی چینایەتـی لەسـەر شـانی خەڵـك زیاددەبێـت).

ئەمـڕۆ سیاسـەت وەك هونـەری مومکینـات، تـا ئـەو جێیـە ڕۆیشـتووە کـە هەرچـی ڕوودەدات یەکێـك لـە ئەگـەر و ئیمکانـەکان بریتـی دەبێـت لـە «تیـۆری پیلانگێـڕی». تیـۆری پیلانگێـڕی، واتـە هەمـوو شـتێك بـە بـارە شـەیتانییەکەیدا مومکینـە، بەبـێ ئـەوەی خەڵـك بکـەری ئـەم ئیمکانـە بێـت. سـەرەنجام ڕەنگـە پێویسـت بـکات بەسـەر زۆر شـتدا بچینـەوە و لـە قووڵاییەکانـەوە گومـان لـە چەمکـەکان بکەیـن. لەوانـەش چەمکـی ئـازادی و دیموکراسـی. ئـەم دوو چەمکـە، گـەر بـۆ شـوێنی سـەرهەڵدان و تیۆریزەکردنـی کـە ڕۆژئاوایـە سـودی خـۆی هەبووبێـت، ئـەوا بـۆ لای ئێمـە درێژکردنـەوەی خوتبـەی بێزارکـەری سیاسـییەکان بـووە و هیچـی تـر. لەمەشـدا بـەر لـە هـەر شـتێك بیریـاران و فەیلەسـوفەکانی دونیـای هاوچـەرخ لەمـە بەرپرسـن کـە چەمکێکـی پلاسـتیکیی وەك ئـازادی دەخەنـە پێـش دادپـەروەری و چاکـەی گشـتییەوە. لای بیریارەکانـی پێـش مۆدێرنـە، بەگشـتی ئامانجـی سیاسـەت فەزیڵەتـە نـەك ئـازادی، چونکـە فەزیڵـەت بـە دادپەروەرییـەوە گرێـدراوە و ئازادییـش چەمکێکـی هێنـدە فـراوان و مەتاتـی بـووە کـە هەرکـەس بـۆ بەرژەوەندیـی خـۆی بەکاریدێنێتـەوە. ئـازادی ئیمکانێکـە هـەم بـۆ شـتی

بـاش و خراپیــش بەکاردێــت، بــەڵام فەزیڵــەت کۆنکرێتییــترە و تەعبیــر لــە چاکــە و عەدالــەت دەکات و ڕەنگدانــەوەی ڕاســتەوخۆی لەســەر ژیانــی ئینســان هەیــە. ئەمــڕۆ ئــازادی شــتێکە بــە پــارە دەکڕدرێــت و تاڕادەیــەك پەیوەندیــی بــە فــەزای گشــتییەوە نەماوە(ئەمــە جگــە لــەوەی دەتوانیــن لەنــاو دادپەروەرییــدا و بەپێــی سیاســەتێکی تەندرووســت، بەجۆرێــك لــە جــۆرەکان جێــگای ئــازادی بکەینــەوە).

ســەردەمەکە تێکــڕا بەدەســت ئایدۆلۆژیــای ســەگباوەڕییەوە دەناڵێنێــت. ڕەتکردنــەوەی ڕووت و بــێ بەدیــل بۆتــە پرەنســیپی سیاســەت. سیاســەتێکی تــازە، ئیمکانــی تــازەی دەوێــت، ئیمکانــی تــازەش تۆزێــك لــە ڕەتکردنــەوە زیاتــری دەوێــت و بیرکردنــەوە لــە بەدیلێکــی تــازەی دەوێــت کــە ئاســۆکانی هێشــتا زۆر ڕوون نیــن. بۆیــە پێویســتە گــەر هەنگاوێــك چووینــە پێشــەوە، دوو هەنــگاو بێینــە دواوەوە تــا بزانیــن بــەرەو چ داهاتوویــەك ملدەنێیــن.

# ڕۆژە تاریکەکانی «فیکر»

ئـەم چەنـد ڕۆژەی ڕابـردوو، فیکـر و بیرکردنـەوە لـە واقیعـی ئێمـەدا بـەر قـەدەری تاریکـی خـۆی کـەوت. فەزایـەك درووسـتبووە کـە تێکـڕا بیرکەرەوە/بێبیـر ناتوانـن و ناوێـرن شـتێك بڵێـن(وەك هەمیشـە بـا لـە هەندێـك حاڵەتـی دەگمـەن و ئیسـتیسـنا بگەڕێیـن. گەرچـی فیکـر لـە حاڵەتـی دەگمەنـدا درووسـتدەبێت، بـەڵام ئـەم دەگمەنییـەی ئێسـتا زیاتـر ڕای پێچەوانەیـە نـەك فیکـر). فیکـر تەبیعەتێکـی سـاردی هەیـە، لـە پرسەشـدا ئیشـدەکات و ناوەسـتێت. ئـەوەی لـە فیکـری غەربییـدا مـرۆڤ سەرسـامدەکات ئەوەیـە کـە کەسـی قوربانییـش دەخەنـە کەوانـەوە و بیـری لێدەکەنـەوە. ئـەوەی لـەم چەنـد ڕۆژەدا لای خەڵکـی بەنـاو خوێنـەوار بینیـمان بەرهەمـی فیکـر نەبـوو، بەڵکـو بیانووهێنانـەوە بـوو بـۆ ئـەوەی فیکـر ملکەچـی ڕووداوێـك بێـت و جورئەتـی قسـەکردنی نەبێـت. دەتوانیـن چەنـد خاڵێـك بورووژێنیـن:

١) ئێمـە کەلتـوری نوسـینمان هێجـگار لاوازە و بگـرە هـەر نییـە. لـە کەلتورێکـی شـەفەوییەوە هاتووینەتـە نـاو کەلتورێکـی شـەفەویی تـرەوە کـە هـەر قسـەیە(لە حەکایەتـی بـەر ئاگردانـەوە بـۆ تەلەفزیـۆن و لایـڤ و زیندووکردنـەوەی فۆلکلـۆر و هتـد). بەشـێك لەوەشـی لای ئێمـە ناونـراوە نوسـین لـە مێـژوودا، دیسـان هـەر بونیـادی قسـەی هەیە(بـە مانـا دێرێدایيەکـەی). واتـە بەرهەمهێنانـەوەی قسـە بـووە لـە پیتـدا، بەرهەمهێنانـەوەی عەقڵـی بـاو بـووە لـە تێکسـتدا، بەرهەمهێنانـەوەی عەقڵـی غەیبانـی بـووە لـە فۆرمێکـی زەمینییـدا. جنێـو، باڵاتریـن دەرکەوتـەی قسـەیە.

٢) نوسـینی نوخبەیـی لـە سـاڵانی پێشـوودا لای ئێمـە بـەردەوام کۆمەڵێـك وشـەی دەکوتـا و خـۆی لـێ دەپاراسـت، بـەڵام ئێسـتا ڕێـی خۆشـکردووە ئـەو وشـانە خۆیـان دەربخـەن، ڕیشـە دابکوتـن. ئەمـە ناکۆکـی نیـە، ناکۆکـی شـتێکی ئاسـاییە لـە فیکـردا، بەڵکـو ئەمـە بەرەنجامـی ناسـەقامگیریی فیکـرە لـە واقیعـی ئێمەدا.بۆنمونـە وشـەی کاریزمـا، ئایدۆلۆژیـا و هتـد. سـەیر نیـە وشـەی کاریزمـا

لای خەڵکەکـە کەمێـك دوادەکەوێـت و درەنـگ پێیـان دەگات، بـەڵام هــەر دەگات. سـاڵانێك کاریزمـا وشـەیەکی نوخبـەوی بـوو، کەچـی ئێسـتا هەوڵدەدرێـت بکرێتـە جەمـاوەری. وەك بڵێـی پێشـتر ئیشـی فیکـر ئـەوە بـووە درۆ لەگـەڵ خـۆی بـکات و نامەکـەی بەپێچەوانـەوە بـگات. فیکرعادەتـەن خـۆی ڕاسـتەوخۆ ناگاتـە خەڵـك، بـەڵام بـە میدیـا و کەناڵـی دیکـەدا شـۆڕدەبێتەوە بـۆ نـاو خەڵك(بۆنموونـە چەنـد بێژەرێـك دەتوانـن لەڕێگـەی دووبارەکردنـەوەوە هەندێـك زاراوە بخەنەنـاو خەڵکـەوە). وشـەی ئایدۆلۆژیـاش دیسـان ئیشـی ئـەم نوخبەیەیـە کـە پێشـتر ڕەخنەیاندەکـرد، بـەڵام ئێسـتا خەڵـك فێردەکـەن تاکـو پاشـکۆی(یزم) بلکێنـن بـەم و بـەوەوە.

٣) فیکـر لـە کوردسـتان هێشـتا لـە ترسـی ئەخلاقـی پاکنەبۆتـەوە. ترسـەکەش لەوەیـە گـەر ڕەخنـەی دیاردەیـەك یـان کەسـایەتییەك بکەیـت، ئـەوا شـوناس و لەزگەیەکـی تـرت پێـوە دەلکێنـن. هۆکارەکـە ڕوونـە. فیکـر هێشـتا ڕووبەرێکـی هێمـن و سـەربەخۆی بـۆ خـۆی نەدۆزیوەتـەوە بیـری تیابکاتـەوە. تاکـە شـوێنێك بێدەنگییـە، گەرچـی ئـەم بێدەنگییـەش بێدەنگیـی کەسـەکەیە و خێـرا تەفسـیردەکرێت و تەحەمولناکرێـت. فیکـر لـە قووڵاییـدا دەبێـت ئاراسـتەیەکی سیاسـیی هەبێـت، بـەڵام پێویسـتی بـە بێدەنگـی، خۆڕەخنەکـردن، شـکاندنی پێـوەرە باوەکانیـش هەیـە تاکـو تێبگەیـن چ ڕوویـداوە. لـە واقیعـی ئێمـەدا بێدەنگیـی بـەر لـە فیکـر ئامادەیـی هەبـووە، بۆیـە پێویسـت بـە ڕەخنـە و فیکـر و تیۆریـزەی بێوچـان دەکات.

٤) هـەم فیکـر و هـەم سیاسـەت دەبێـت یۆتۆپـی بـن. ئـەو فیکـرەی کـە خەریـك بـوو لای ئێمـە دەبـووە بـاو، بـە توندی دژی (یۆتۆپیا) دەوەسـتایەوە. یۆتۆپیا لێرەدا خەیاڵاتـی ڕووت نیـە، بەڵکـو بـە مانـای ئـەوە دێـت کەمێـك زیاتـر داوابکـە، کەمێـك دوورتـر ببینـە، هێنـدە واقیعـی و ڕووت و ڕیالیسـتی مەبـە. ئەگـەر زۆر واقیعـی بیـت، تووشـی نسـکۆ و نائومێـدی دێیـت. ڕەتکردنـەوەی خێـرای یۆتۆپیـا باجـی خـۆی هەیـە. بۆنموونـە، بەشـێك لـە بێتاقەتیـی جەمـاوەری گـۆڕان بـۆ نەبوونـی یۆتۆپیـا دەگەڕێتـەوە. گـەر داوا سیاسـیەکەت دیاریکـراو بـوو و شکسـتی خـوارد، ئیـتر خەڵکەکـە تووشـی وەڕسـی دەبێـت. دەبێـت لەپـاڵ شکسـتێکدا، شـتێکی زیاتـرت هەبێـت بـۆی بڕوانیـت. یۆتۆپیـا بـۆ ئـەوە نیـە پێـی بگەیـت، بەڵکـو بـۆ ئەوەیـە درێژەبدەیـت بـە ئێسـتات. یۆتۆپیـا شـتێکی غەیبانـی نیـە، بەڵکـو قـووڵ لـە زەوی و خەونـە زەمینییەکانـی مرۆڤدا نوسـتووە. فیکریـش دەبێـت وابێـت: واتـە دەبێـت هەمیشـە قسـەیەکی زیاتـری هەبێـت لـە خەڵـك.

٥) فیکـر، شـتێکی گەرەنتیکـراو نیـە. ڕەنگـە ئەمـڕۆ شـتێك بڵێیـت، سـبەی لـە دەسـتی خـۆت

دەربچێـت و لێکدانـەوەی تـری بـۆ بکرێـت و تەنانـەت لەگـەڵ ڕووداوەکانـدا هاوتەریـب ببێت(لێرەوەیـە کـە دەوترێـت هایدگـەر یەکێکـە لـە ئیمکانـی نازیـزم، نیچـەش هـەروا). دۆڵـۆز و نیچـە بـاس لـەوە دەکـەن کـە فیکـر وەك هەڵدانـی زار وایـە، شکسـت و سـەرکەوتنی لـە دەسـتی خاوەنەکەیـدا نیـە و لـە دەسـتی کەسـی بیرکـەرەوە دەردەچێـت. ئەمـە مانـای ئـەوە نیـە نەچیتـە ژێـر بەرپرسـیارێتیی بۆچوونەکانـت، بـە مانـای ئـەوەش نیـە پاشـگەزبوونەوە عەیبـە بێـت. بەڵکـو بـەو مانایـە دێـت بەڕوونـی بەرپرسـیارێتیی فیکـری هەڵبگریـن و شکستیشـمان خـوارد، بیانـووی بـۆ نەهێنینـەوە. ئـەم دۆخـەی ئێسـتا، بـە بـاش و خراپـەوە، فیکـری دوای ڕاپەڕیـن بەشـداربووە لـە بەرهەمهێنانیـدا...

٦) فیکـری ڕادیـکاڵ ئیشـی ئەوەیـە سیاسـەت بەتەنیـا سیاسـەت نەبێـت. سیاسـەت تەماعەکانـی ئێسـتا نیـە، بەڵکـو کۆکـراوەی ڕابـردوو و ئێسـتا و داهاتووشـە. سیاسـەت دەتوانێـت کەلتـور بگۆڕێـت، دەشـتوانێت بـە شـێوازێکی خراپـتر بەرهەمـی بێنێتـەوە. سیاسـەت گـەر تەجـاوزی دۆخـی بـاو نـەکات، ئـەوا خـۆی دەبێتـەوە بـە یەکێـك لـە دەرکەوتەکانـی دۆخـی بـاو. ئـەوەی دەسـەڵاتی هەبێـت، هیـچ بیانوویەکـی نیـە تاکـو مێـژوو نەگۆڕێـت. مێـژوو بـە هەمـوو پنتەکانیـەوە: ئەخلاقـی سیاسـی، خەونـی سیاسـی، مامەڵـەی کەلتـوری، زمـان، پەروەردەکردنـی ئینسـان، کێشـەی ژن، زمانـی میدیـا، ڕەخنـەی سـتەمی ئاینـی، نوێکردنـەوەی فـەزای هونـەری و ئەدەبـی و هتـد.

# نەوشیروان مستەفا و جیلی ئێمە....

پێـش هـەر شـتێك، مـردن و ڕاچڵەكیـن بـە ڕووی مردنـی كەسـێكدا دۆخێكـی وجودییـە و تـا فەترەیـەك هیـچ ڕەنـگ و بۆیەكـی ئایدۆلـۆژی وەرناگرێـت. مردنـی نەوشـیروان مسـتەفاش لـەو سـاتانەیە. ئاسـاییە یـار و نەیـار هەسـتێكی تایبـەت بـۆ ماوەیەكـی تایبـەت دایگرێـت. بـەڵام ئایـا نەوشـیروانە سیاسـییەكە بـۆ ئێمـە و بەشـێك لـە هاوڕێكانمـان كـێ بـوو؟ ئـەم چەنـد خاڵـەی خـوارەوە، هەندێـك سـەرنجی شەخسـی و گشـتییە:

١) لـە یەكـەم بەشـداریی هەڵبژاردنـدا، مـن و هاوڕێكانـم، لـە تەمەنێكـی بەرایـیدا بوویـن: ئەهلـی كتێـب، تـووڕە و یاخـی، گەنجانێكـی بێتاقـەت. ئەمـە وایكـرد بـۆ دەروازەیـەك بگەڕێیـن، بـەو هۆیـەوە دەنگـمان بـە (گـۆڕان) دا. نەوشـیروان/گۆڕان بـۆ ئێمـە هیوایەكـی سـەرەتایی بـوو تاكـو تۆڵـە لـە پارتـی و یەكێتـی بكەینـەوە. بۆیـە تێكـڕا دەبێـت ئـەو ڕووە ئیجابییـە لەیادنەكەیـن كـە بـەڕووی خەڵكـدا كردیـەوە.

٢) پـاش یـەك دوو سـاڵێك، هەسـتمانكرد خـەم و خەونەكانـی ئێمـە ئاڵۆزتـرە. بەسـەر نەریتێكـدا كراینـەوە كـە دەتوانیـن نـاوی بنێیـن (چەپـی نـوێ، یـان كۆمۆنیزمـی نـوێ). كەلەپورێكـمان دۆزییـەوە لـە كتێـب و بیریـار و چەمكـی نـوێ، تێگەیشـتین ئەمـە ئـەو نەریتەیـە كـە ئاسـۆی تازەمـان دەداتـێ. ئەمـەش لـە دوو ئاسـتدا: یەكـەم، تێگەیشـتبووین كـە كۆمەڵـگای ئێمـە گیـرۆدەی عەقڵێكـی خێڵەكـی و دینـی و كۆمەڵایەتییـن كـە بـە درووشـمەكانی گـۆڕان چارەنابێـت، دووەمیـش، ئێسـتا سیسـتەمێك حوكمـی جیهـان دەكات كـە لـە پارتـی و یەكێتـی گەورەتـرە و لـە تەلەفزیـۆن و فەیسـبوك و شـەقام و بـازاڕدا ئامادەیـە و نـاوی سـەرمایەدارییە. لـە سـلێمانی هەیـە و لـە كابولیـش، لـە هەولێـر هەیـە و لـە تارانیـش، لـە نیـۆرك و لـە پاریسـیش. تێگەیشـتین چەمكـی گەندەڵـی شـتێكی شەخسـی نیـە و سـەر بـە سیسـتەمێكی گەورەتـرە لـە پارتـی و یەكێتـی. پارلەمانیـش كەرەسـتەیەكی سیاسـیی ئـەم سیسـتەمەیە و دواچـارەی

ئـەم جـۆرە کۆمەڵگایانـە نیـە و تەنانـەت بەرژەوەندیـی دەسـەڵاتدارەکان دەپارێزێـت. ئـەم دوو خەونـە وایکـرد لەجیاتیـی وەڵامێـك، زیـاد لـە وەڵامێـك لـە نەریتـی چەپـدا بدۆزینـەوە. نەریتێـك کـە ئیشـی تۆکمـەی دەوێـت تـا خەڵکـی پـێ ئاشـنابکەیت و ئیشـی تیابکەیـت و ئاسـۆی تـازە بـە ئیسـنانەکانی داهاتـوو بناسـێنیت. واتـە مرۆڤێکـی پەروەردەکراوتـر ئامادەبکەیـت دژی سیسـتەمێکی ئاڵۆزتـر کـە لـە واقیعـی ئێمەشـدا ئامادەیـە.

٣) لـەم نەریتـەوە تێگەیشـتین کـە: ئـەو قسـانەش دەقیـق نیـن کـە گـۆڕان وزەی هەموانـی بـرد. سیاسـەت هونـەری ئیمکاناتـە، هونـەری تێسـت و خۆپیاکێشـان و دەسپێشـخەری. گۆڕانێـك حەتمیەتێـك بـوو لـەدوای ڕاپەڕینـەوە کـە دەبـوو ڕووبـدات. پێشـوەخت گوتارێکـی ڕیفۆرمیسـتانە ئامادەکرابـوو کـە دەبـوو هێزێکـی سیاسـی بێـت و هەڵیگرێـت. بـە زمانـە هیگڵییەکـە، ڕۆحێکـی دەسـتەجەمعی هەبـوو کـە دەبـوو ئێسـقانێك هەبێـت و بەرجەسـتەی بکاتـەوە. ئـەو گوتـار و زەمینەیـە پێـش نەوشـیروانیش لەئاسـتی نوخبەییـدا هەبـوو: ئیمکانـی سـەلبی(خراپیی پارتـی و یەکێتـی)، دەرکەوتنـی ڕۆژنامـەی ئەهلـی، ڕەهەندییـەکان، پرسـی ئـاو و کارەبـا و خۆپیشـاندانەکان، زۆربوونـی خوێنـدکاری بێـکار، ململانێـی ناوخـۆی یەکێتـی و هتـد.

٤) سـەبارەت بـە کاریزمابوونـی نەوشـیروان: کاریزمابـوون کۆمەڵێـك سـیفەتی جێگیـری نیـە، بەڵکـو بەپێـی سـیاقی جیاجیـا کەسـێك دەبێتـە کاریزما(گەرچـی هەندێـك سـیفەتی هاوبەشـیش هەیـە و لـە هەمـوو کەلتـورە جیاجیاکانـدا کەسـێك دەکاتـە کاریزمـا). نەوشـیروان لـە جیلـی چلەکانـە، بـە خەباتـی نەتەوەییـدا هاتـووە، بـەڵام گـەر کسـەێك بیەوێـت لـەدوای ڕاپەڕینـەوە ببێتـە کاریزمـا چیـتر خاوەنـی خەباتـی نەتەوەیـی نیـە. پاشـان بەڕێکـەوت هەندێـك سـیفەتی شەخسـیی لەگـەڵ سـیفەتی گەنجەکانـدا یەکدەگرێـت و دەبێتـە ئیزافەیـەك بـۆ کاریزمابوونـی. بۆنمونـە، زۆرینـەی گەنجـەکان مەحروومـن لـە چێـژ و تەعەلوقاتـی دنیایـی، گوایـە ئـەم سـیفەتە لەویشـدا هەیـە و جۆرێـك لـە هاوشـێوەبوون و هاوشوناسـبوون درووسـتبووە(گەنجە مەحروومـەکان ئاوێنەکـەی خۆیـان دەدۆزینـەوە). وەکـو خـۆم ئەمـە سـەرنجم ڕاناکێشـێت و پرسـی سیاسـەت لەمـە ئاڵۆزتـرە.

٥) مێژوونوسـین بـۆ نەوشـیروان مسـتەفا، مێژوونوسـینێکی ئاسـایی نەبـوو. واتـە شـتێکی تایبەتـی خسـتبووە سـەر سـەرمایە ڕەمزییەکەی(بەتایبـەت لای نوخبـە). ئـەو لەڕێگـەی نوسـینەوەی مێـژووەوە، پـتر لـە مێـژوودا جێگیـر ببـوو. دانپیانانـی مێـژووی وەرگرتبـوو. ئـەو لـە ئاسـتی تیۆرییـدا شـتێکی گرنـگ و تایبەتـی نیـە، بـەڵام لـە ئسـلوبی مێژوونوسـییدا کـە ڕۆژنامەگەرییانەیـە و

نوسـینەوەی پارچەڕووداوەکانـی ڕۆژە، چێـژ و بایەخێکـی تایبەتـی هەیـە. ئـەم ئسـلوبەم لای هـوارد زیـن، نوسـەری ئەمریکـی، بـە شـێوەیەکی وردتـر بینیوەتـەوە.

٦) دەبێـت لەسـەر ئەوکلێشـەیەش بوەسـتین کـە دەڵێـت مـردن عادیلـە. ئەمـە ڕسـتەیەکی سـادە و بـێ بیرکردنەوەیـە. بەرەنجامـی فیکـری میتافیزیکییـە. دووبارەکردنـەوەی ئـەو ئایەتەشـە کـە دەڵێـت (کل نفس ذائقە الموت). لـەم ڕسـتەیەدا، تەنیا سـاتی کۆتایـی وەردەگیرێـت. بۆنمونـە، مرۆڤێـك ١٠٠ سـاڵ بـژی و یەکێکـی تریـش ٢٠ سـاڵ دیسـان ئـەوا هـەر عادیلانەیـە. دەتوانیـن ئەمـە ناوبنێیـن بیرکردنـەوەی فاشیسـتی. عادەتـەن فاشـیزم هەمـوو شـتەکان یەکڕەنـگ و یەکڕیزدەکاتـەوە. عەدالەتـی ژیـان بەپێـی سـاتی مـردن لێکنادرێتـەوە، بەڵکـو بەپێـی ڕووبـەری ژیانـت لێکدەدرێتـەوە. بۆنمونـە چیـت کـردووە؟ پەیامـت چـی بـووە؟ چـی جێدەهێڵیـت؟ شـوێنی تـۆ لـە نـاو نەزمـی ژیانـدا چیـە؟ ئەوانـەی دەڵێـن مردنـی نەوشـیروان مسـتەفا بەشـێك بـوو لـە عەدالەتـی مـردن، هـاوکات دەشـڵێن: مردنەکـەی ناوەخـت بـوو، تەنیـای کردیـن. ئەمـە ناکۆکییـە.

٧) ڕەخنەیـەك کـە کۆمۆنیسـتەکان ناتوانـن لەبیـری بکـەن ئـەوە بـوو کـە نەوشـیروان بـە فیـت و فشـاری کۆمـاری ئیسـلامی، لـە سـاڵی ٢٠٠٠ پێنـج کۆمۆنیسـتی کوشـت و لێـرەوە جووڵانـەوەی کۆمۆنیسـتی لـە واقیعـی کوردسـتاندا پاشەکشـەی کـرد و هەڵنەسایەوە(شـیوعییەکانیش بـاس کارەسـاتی قرناقـە و پشتئاشـان دەکـەن کـە ٧٨ پێشـمەرگە ڕەمیکـران).

٨) دوای ڕۆیشـتنی نەوشـیروان مسـتەفا هەمـوو ئەگەرێـك کراوەیـە: تەنانـەت شکسـتیش. ئـەو جەختکردنەوەیە لەسـەر درێـژەدان بـە ڕێبـازی ئـەو، پـتر تـرس و دوودڵییـە دەرهـەق بـە پارتـی و یەکێتـی. ئەگینـا گـۆڕان هیـچ ئایدیایەکـی نیـە درێـژەی پـێ بدرێـت. ئـەوەی هەیـە جۆرێـك لـە خەباتـی پارلەمانییـە کـە شکسـتی خـوارد. گـۆڕان نەیتوانـی هـەزاران لـە دەنگدەرەکانـی خـۆی پەروەردەبـکات: هەبوونـی ئایدیـا، واتـە هەبوونـی پـەروەردە.

٩) سـەرەنجام هیواداریـن بـۆ داهاتـوو باڵـی کۆنەپارێـزی نـاو گـۆڕان گەشـەنەکات. ئـەوەی هەیـە ترسـە نـەك خـەون.

# دەربارەی «گۆڕانکاری»ی کەلتوری

زۆرجار دەوترێت هەر گۆڕانێك بە مەعریفە و هۆشیارییەوە نەبێت، سودی نیە. واتە سەرەتا دەبێت مەعریفەیەك جێگیربکەیت و پاشان دەرفەت بە گۆڕانکارییەکە بدەیت. بەڵام کەس ناپرسێت کێ ئەم ڕیزبەندییەی داناوە؟ ئاشکرایە ئەم ڕیزبەندییە، ڕیزبەندییەکی ئایدیاڵیستییە. واتە بیر و ئایدیا دەکاتە بنەمای گۆڕینی واقیع، ئەولەویەتی گۆڕینی واقیع، واقیع بەو هەموو توخم و ڕەگەزە جیاجیاوە لەبیردەکات.

بۆ ئەوەی ئەم ڕیزبەندییە بشێوێنین، دەبێت ڕووداوە جوزئی و نامەعریفییەکانیش لەبیرنەکەین(نامەعریفی بەو مانایەی کە ڕاستەوخۆ نەبەستراوەتەوە بە کتێب و تیۆرەوە). بۆنمونە دەکرێت کەسێکی سادە، بە ئەکتێکی تایبەت، دەروازە بۆ گۆڕانکاری بکاتەوە، دەرگا لەسەر تیۆر بکاتەوە کە قسە لەسەر دیاردەکە بکات. تیۆر زۆرجار جورئەتی نیە تابۆ و پرسە قەدەغەکان تێکشکێنێت: زۆرجار بەشێك لەوانەی فەلسەفە دەخوێننەوە، هێشتا سنوری خێڵ و ڕەگەزپەرستی و پیاوسالارییان تێنەپەڕاندووە. کەواتە تیۆر هەمیشە ناتوانێت دەرگا لەسەر خۆی بکاتەوە.

واقیع، لەسەر ئەم ڕیزبەندییە درووستنەبووە کە کتێب مەرجی گۆڕانکاری بێت پاشان شتەکانی تر. جار هەیە ڕووداوێك، خەڵکانێك دەخاتە بیرکردنەوەوە. ڕووداوێکی ناکۆك و نەشاز دێت و تەبایی واقیع دەشێوێنێت(کە ئەگەر ورد بڕوانین ئەوا ڕووداوەکەش خۆراکی خۆی لە جۆرێك مەعریفەی ڕادیکاڵەوە وەرگرتووە).

کلێشەیەك لە عەقڵی باودا هەیە و دەڵێت: کتێبەکان ناتوانن برسێتیی منالێك قەرەبووبکەنەوە. ئەم دیدگایە بەس بۆ خاوەن دیدگاکە ڕاستە. چونکە لای ئەو کتێب دیاردەیەکی ئایدیالیستییە و هیچی تر، مادەیەکە بەتەنیشت مادە مردووەکانی ترەوە، کەرەستەیەکە و پەیامی نیە، واتە دابڕاوە لە هەر گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی. کەسێك

کتێب نەبەستێتەوە بە قووڵایی واقیعەوە، ناچارە ئەم کلێشانە داتاشێت. پارادۆکسەکە لەوێدایە کە کەسانێك ئەم قسەدەکەن، کە هەر خۆیان دەڵێن: دەبێت کتێب پێشمەرجی گۆڕانکارییەکان بێت!

(ئەستێرە کەریم)، ئەو کچە سادە ڕچەشکێنە نمونەیەکی گونجاوە. بە هەموو کاڵوکرچی و سادەییەکانی خۆیەوە، ڕووداوێکی گرنگە. بۆ ئەوەی کەلتور قەڵس بکەیت، بەتەنیا پێویستت بە ئەرستۆ و سپینۆزا نیە. بەڵکو پێویستت بە کەناڵی سادەشە، بە دیمەنی ناقۆڵا و نەشاز و بەرەنگار. ئەوانەی دەڵێن ئەم شتانە بچوکن، خۆیان لە گۆڕانی گەورە دەدزنەوە. بەپێی دیدگا ئایدیاڵیستییەکەی سەرەوە بێت، دەبێت دانیشین تا هەموو کۆمەڵگا لەگەڵ خوێندنەوەی فەلسەفەدا ڕادێت پاشان بەکۆ بیر لە گۆڕان بکەینەوە(کە ئەمە جگە لە خۆشخەیاڵییەکی ئایدیاڵیستی هیچی تر نیە).

ڕەنگە یەکەمین دەرسی «دیالەکتیك» هەر ئەوە بێت کە واقیع بەپێی ڕیزبەندی ئیشناکات، بەڵکو توخمێکی نەشاز دەتوانێت شیرازەی واقیع بشێوێنێت و لە وەهمی (ڕیزبەندی) ڕزگارمانبکات.

# زانکۆ و زمانی نوێ



زانکـۆ، شـوێنێکی بێلایـەن نیـە، بەڵکـو یەکێکـە لـە دەزگا ئایدۆلۆژییەکانـی دەوڵەت(دەسـەڵات). ئـەو مەعریفەیەشـی لەوێـوە بەرهەمدێـت، کـەم بێـت یـان زۆر، بـاش بێـت یـان خـراپ، هـەر سـەر بـە دەسـەڵاتی باڵادەسـتە. بـەڵام هـاوکات زانکـۆ دەتوانێـت شـوێنی بەرەنگارییـش بێـت، شـوێنی ڕووشـاندنی دەسـەڵات، شـوێنی زمانـی نـوێ. زمـان تەنیـا کەرەسـتەی قسـەکردن نیـە، بەڵکـو بونیـادی هۆشیارییشـە، قاڵبێکـە خەونـی کۆمەڵایەتـی و سیاسییشـی تێدەڕژێنێـت.

ئـەو جووڵانەوەیـەی ئێسـتای نـاو زانکـۆی سـلێمانی بۆنـی زمانێکـی نوێـی لـێ دێـت. جووڵانەوەکـە بەڕواڵـەت بـۆ ڕەتکردنـەوەی بڕیـاری سـەدهەزارەکەیە، بـەڵام ئـەوەی گرنگـە لانیکـەم دوو خاڵـە:

١) بڕیارێکـی وەزارەت دەبێتـە بیانـوو تاکـو بەرەنـگاری سـەرهەڵبداتەوە، و ئایدیـای بەرەنـگاری لـە پنتێکـی تـری کۆمەڵـگاوە سـەردەربێنێت.

٢) بوژاندنــەوەی زمانــی بەرەنگارانــە. لــە بەیاننامەکەیانــدا کۆمەڵێــك وشــە و گــوزارە هاتــوون، کــە ســاڵانێکی زۆرە لــە دونیــای ئێمــە و ناوەنــدی زانکــۆدا ســەرکوتکراون وەك: چینایەتــی، بەرەنــگاری، مــادە و بەکاڵاکــردن، بــۆرژوازی، هتــد. لــە گوزارەکانیــش: نامانەوێــت ببینــە کۆیلــەی ســەرمایەداری. یــان شــتێکی لــەم جــۆرە: خەریکــە چینایەتــی لەنێــوان خوێندکارانــی ناوخــۆی شــار و دەرەوەی شــاردا دروســتدەکرێت.

ئــەم زمانــە نوێیــە، دەریدەخــات کــە کوردســتان نیشــتەجێی سیســتەمە جیهانییەکەیــە. بڕیارەکــەی وەزارەتیــش بەتایبەتکردنــی کەرتــی خوێندنــە. دانانــی ئەرکــی مادییــە لەســەر شــانی خوێنــدکار نــەك دەســەڵات. بــە دەربڕینێکــی تــر: خوێنــدن لــە هەمــوو ڕەهەندەکانیــدا دەبێتــە پــارە.

دواجــار کێشــەکە بەتەنیــا ســەدهەزارەکە نیە(گەرچــی لــە ئاســتی کۆنکرێتــدا قورســاییەکە و زۆرێــك لــە خوێنــدکارەکان نایتوانــن)، بەڵکــو دەرکەوتنــەوەی ئاماژەکانــی بەرەنگارییــە. ئــەم جووڵانەوەیــە شکســت بێنێــت یــان نــا، گرنگیــی ئایدیاکــە کەمنابێتــەوە. کاتــی ئەوەیــە جارێکــی تــر زانکــۆ بەسیاســی بکرێتەوە(نــەك حیزبــی)، ئەویــش بــەو ئاراســتەیەدا «خوێنــدکاری بەرەنــگار» درووســت ببێــت: ئەویــش لــە ســاتێکدا کــە «ســناپ چــات» خەریکــە جێــی هــەر جــۆرە بەرەنگارییــەك دەگرێتــەوە.

# بۆ؟

سبەی یەکـی ئایـارە و زۆرتریـن وێنـەی چەکـوش و داس دەبینیـن. چەکـوش و داس وەك هێـمای سیاسـیی کۆمۆنیـزم نـاسراوە. هێـماکان زیاتـر وێنەییـن، بۆچـی وێنەییـن؟ چونکـە پێدەچێـت لـە نیـگای یەکەمـدا ئەوانیـتر بیناسـنەوە. وێنـەکان زووتـر وشـەکان دەگەیەنـن و تەفسـیری خێـرا دەدەنـە دەسـتەوە. چەکـوش کەرەسـتەی دەسـتی کرێـکارە و داسـیش کەرەسـتەی دەسـتی جوتیـار. لـە کۆمۆنیزمـدا هـەردوو چینەکـە هاوخەباتـن. ئـەم هێمایـە لـە سـەردەمی حیزبـی بەلشـەفیکدا داهێـنرا و دواتـر چـووە سـەر ئـاڵای سـۆڤیەت و هەمـوو کۆمۆنیسـتەکانی دونیـا. پێشـتر چەکـوش و گاسـن بـوو، بـەڵام دواتـر لـە سـاڵی ١٩١٧-١٩١٨گۆڕییـان. سـەرباری ئـەوەی بەلشـەفییەکان بڕوایـان بـە دونیایەکـی ماتریاڵیسـتی و غەیرەدینـی هەبـوو، کەچـی ڕەنگـی سـوریان هەڵبـژارد بـۆ ئـاڵای کۆمۆنیسـتەکان. ڕەنگـی سـور لـە مێـژووی ڕووسـییدا، ڕەمـزی خێـر و چاکـە بـووە. وشـەی سـور و جوانیـش لـە ڕوسـیدا یـەك ڕیشـەیان هەیـە. هـاوکات ئـاڵای سـور وەفایـەك بـوو بـۆ کۆمۆنـەی پاریـس کـە ئەوانیـش بەیداخـی سـوریان هەبـوو و خوێنـی چەنـد هـەزار کرێـکار و کۆمۆنارێـك بەسـەر شـەقامەکانی پاریسـەوە ڕژا.

هێـماکان زۆرجـار لـە خۆیـان تێدەپـەڕن و لـەو وێنـە بەرتەسـکەدا نامێننـەوە کـە گوزارشـتی لێدەکـەن:

١) چەکـوش و داس چیـتر ڕەمـزی هەمـوو ئاڵۆزییەکانـی کۆمۆنیزمـە نـەك دوو کەرەسـتەی کارکـردن. تادێـت مانـا و مەدلولەکانـی زیاتـر و زیاتـر دەبـن. واتـە وێنەیەکـی ڕەق و تـەق و ئەنتـی تیـۆری نیـە، بەڵکـو کـۆدی نەریتێکـی گـەورەی سیاسـی و فیکرییـە. لـە واقیعیشـدا هەڵگرانـی چەکـوش و داس زۆرجـار لـە خزمەتـی چینـە باڵادەسـتەکان و دینەکانـدا بـوون، بۆیـە کەمتـازۆر لادانێـك لـە دەلالەتەکەیـدا هەیـە. چەکـوش و داس نـاوی هەمـوو ئـەو کەرەسـتانەی خەڵکانـی تریشـە کـە دەچەوسـێنرێنەوە: بۆنمونـە لـە واقیعـی ئێمـەدا فەرمانبـەران و خوێندکارانـی بێـکار و هتـد.

٢) چەکـوش و داس دوو ماتریالّـن و چیـتر بەتەنیـا شـتە مەعنـەوی و ئەبسـتراکتەکان ڕەمـزی ئینسـانی نیـن. ڕەمزەکـە ڕاسـتەوخۆ لـە واقیعـەوە وەرگیـراوە. هـاوکات پارادۆکسـەکە لەوێدایـە کـە زۆرجـار هەڵگرانـی ئـەم دوو کەرەسـتەیە، خەڵکێکـی ئایدیاڵیسـت و ناواقیعیین(تـا ئـەو کاتـەی بەپێـی چەمکـە کلاسـیکییە مارکسـییەکە هۆشـیاریی چینایەتـی وەرنەگـرن).
ئـەم ڕەمـزە بـۆ ئەمـڕۆ هیچـی پێیـە؟ ئایـا هێشـتاش هـەر هێـمای ڕزگارییـە؟ ژیـژەك لـە کتێبێکیـدا دەنوسـێت: «بـەو دواییانـە، جـۆن بێرگـر، ئامـاژەی بـە خاڵێکـی زەق و زۆپ کـردووە سـەبارەت بـە پۆسـتەرێکی فەرەنسـی دەربـارەی بۆرسـبازی و سـەرمایەگوزاری لەڕێگـەی ئەنتەرنێتـەوە: لەژێـر وێنـەی داس و چەکوشـەکەدا کـە لـە زێـڕ دروسـتکراوە و ئەڵماسـی لەسـەر دانـراوە، ئەمـە نـوسراوە: «چـی دەبێـت گـەر هەمووکـەس لـە بـازاڕی بـۆرس قازانـج بـکات؟». سـتراتیژی ئـەم پۆسـتەرە زۆرئاشـکرایە: ئەمـڕۆ بـازاڕی بـۆرس، پێـوەرە کۆمۆنیسـتییە یەکسـانەکان دێنێتـەدی: هەمووکـەس دەتوانێـت بەشـداریی تیـا بـکات. بێرگـر دەسـتدەداتە تێسـتێکی زەینیـی سـادە: «وایدانێـن بزووتنەوەیـەك وەك بەرگـری لـە کۆمۆنیکاسـیۆن و پەیوەندییـەکان بیەوێـت [وەك بانگەشـەیەك بۆخـۆی] وێنـەی خاچێکـی شـکاو کـە [هێـمای فاشـیزمە] بەکاربێنێـت کـە ئەڵماسـی پێـوە لکێـنراوە! گومانـی تیـا نیـە هیـچ کارێـك ناباتـە پێشـەوە. بۆچـی؟ چونکـە خاچـە شـکاوەکە ڕووی دەمـی لـە بـراوە و سـەرکەوتووانە نـەك مەزڵـوم و شکسـتخواردووان. ئـەم هێمایـە دەسـت بـە سـوڵتەوە دەگرێـت نـەك عەدالـەت» . بەپێچەوانـەوە، داس و چەکوشـەکە، دەسـت بـەو ئومێـدەوە دەگرێـت کـە «سـەرەنجام مێـژوو هـی ئـەو کەسـانە دەبێـت کـە شـەڕ بـۆ عەدالەتێکـی برایانـە دەکـەن».

# جارێکی تر دەربارەی «سوبێکت»

سـوبێکت(Subjekt- بکـەر)، ناوێکـی تـازە و تاڕادەیـەك پسـپۆڕییە بـۆ مـرۆڤ. لەجیاتیـی ئـەوەی بڵێیـن مـرۆڤ، دەڵێیـن سـوبێکت، بـۆ ئەمـەش چەندیـن هـۆکار هەیـە: لانیکـەم سـێ هۆکاریـان ئەمانــەن:

١)وشـەیەکی دەقیقـمان نیـە لـە کوردیـدا بـۆی. پێشـتر وشـەی (خـود) دانـراوە، بـەڵام خـود دەکاتـە (selff). خـود بەشـێکە لـە ژیانـی سـەرەتایی سـوبێکت نـەك هەمـوو ژیانـی مـرۆڤ، پـتر قۆناغـە سـەرەتاییەکانی ژیانـی سـوبێکتە، منالییـە.

٢٢)پاککردنـەوەی وشـەی مـرۆڤ لـە ڕەهەنـدە دینـی و میتافیزیکـی و ژێنـدەری و مێژووییـەکان. وشـەی سـوبێکت داماڵینـی ئـەو ڕەهەندانەیـە کـە لـە ئایدۆلۆژیا کـۆن و پێشـینەکاندا لـە مـرۆڤ بارکـراون: وەك مرۆڤـی کامـڵ، مرۆڤـی پیـرۆز، مرۆڤـی ئاگامەنـد، هتـد. کـە وتـت سـوبێکت، بـەر وشـەیەکی تـازە و دینامیکـی و فەلسـەفییتر دەکەویـت. مـرۆڤ سـوبێکتی کامـڵ نیـە، بۆشـایی تیایـە، قابیلـی وەرچەرخانـە، زۆریـش ئاگامەنـد نیـە، نەسـت و نائاگاییـو شـتە ناڕاسـتەوخۆکان و ڕابـردوو و یـادگاری و بونیـادەکان کاری تێدەکـەن.

٣)مـرۆڤ چیـتر زۆر سـەروەر نیـە، لـە ئینگلیزییـدا (subjectionn) هەیـە، ژێردەسـتبوون، ملکەچبـوون: مـرۆڤ لەنـاو تۆڕێکـی کۆمەڵایەتییـدا بەشـێوەیەکی سـودفە هەڵدەکەوێـت و گەشـەدەکات و بـڕی ئازادییەکانـی خـۆی زیـاددەکات.

بـۆ کەلتـوری ئێمـە و نوسـینی ئێمـە، وشـەی سـوبێکت بایەخـی خـۆی هەیـە. دەتوانیـن بەجۆرێـك سـەیری مـرۆڤ بکەیـن کـە قابیلـی هەڵەیـە، قابیلـی گـۆڕینە. بـەڵام لـە سـەرمایەدارییدا، فێڵـی گەورەمـان لێدەکرێـت: سـەرمایەداری دەڵێـت: مـرۆڤ بـە زاتـی خـۆی نەگـۆڕە، ناعەدالەتـی بـە هـەوڵ کەوتـووە، مەسـەلەکە ئەوەیـە چەنـد هەوڵـی زیاتـر دەدەیـت. واتـە سـەرمایەداری پێماندەڵێـت: سـوبێکت ناگۆڕێـت و ئـەوەی چەوسـاوە بێـت هـی ئەوەیـە کـە هەوڵـی زۆری

نـەداوە. بـەڵام لەولاشـەوە، پێماندەڵێـت: بگۆڕێـن، چێژوەرگـرە و ژیانـت بگـۆڕە. لێـرەدا پارادۆکـس و دووڕووییەکـە دەردەکەوێـت: سـەرمایەداری بەپێـی شـێوازی خـۆی، مـرۆڤ دەگۆڕێـت، سـوبێکت دەگۆڕێـت: سـوبێکت گـۆڕاوە، بـەڵام بـەو شـێوەیەی کـە سیسـتەم خـۆی دەستنیشـانی دەکات.

ئەمـەی سـەرمایەداری فرۆفێڵێکـی ئایدۆلۆژییـە، بـەڵام بەشـێك لـە کۆمۆنیسـتەکانی سـەدەی بیسـت بەدڵپاکییـەوە کەوتنـە جۆرێـك لـەم پارادۆکسـەوە: ئـەوان پێیـان وابـوو مـرۆڤ یـان سـوبێکت قابیلـی گۆڕینـە، ئـەوە هەلومەرجـە سـوبێکتێکی مەحروومـی دورووسـتکردووە، شـۆڕش بریتییـە لـە درووسـتکردنی سـوبێکتی نـوێ. بـەڵام بەودیـودا لـە هەنـدێ شـوێندا ژمارەیـەك سـوبێکتیان نەبەخشـی و سـڕدرانەوە. بوخاریـن ڕۆشـنبیرێکی دیـاری نـاو حیزبـی کۆمۆنیسـتی سـۆڤیەت بـوو، لـە دادگاکانـی مۆسـکۆدا لـە ١٩٣٨ دادگایـی کـرا و سـزای مردنـی وەرگـرت. نامەکانی بوخاریـن، نامـەی سـوبێکتێکن کـە دەپاڕێتـەوە و دەڵێـت: ئمبەخشـن، سـوبێکت قابیلـی دەسـکارییە، دەبێـت مەجالـی بدەینـێ. خـۆی دەنوسـێت: «مـن لـە ناخـی خۆمـدا لەچـەك داماڵـراوم و بـە بونیادێکـی تـازەی سۆسیالیسـتی خۆمـم پڕچەککردووە...بواربـدەن بوخارینـە تازەکـە، بوخارینـی دووەم، گەشـەبکات و بڕسـکێت. تەنانـەت لێگەڕێـن بـا نـاوی پیـترۆف بێـت. ئـەم مرۆڤـە نوێیـە بەتـەواوی دژی کابـرای ڕەحمەتییـە. ئـەو ئێسـتا لەدایکبـووە. بـواری هـەر کارێکـی بدەنـێ کـە دەتانەوێـت».

لـە دیـدی کۆمۆنیسـتەکانەوە، بوخاریـن و چەندانـی تـر مـردن بـۆ ئـەوەی سـوبێکتێکی تـازەی دەسـتەجەمعی دروسـت بێـت: سـوبێکت هـەر تـاك نیـە، کۆ-شـە. لـە ڕێزمانـدا زووتـر فێریانکردیـن، بـەڵام بەبـێ ئـەوەی دیدمـان بـۆ دونیـا بگۆڕێـت.

# لەودیو جامی سەیارە شەخسییەکانەوە...

ئـەم هەفتەیـەناملکەیـەك درایـە بـەر ڕەخنـە بەنـاوی (حەرامێتـی شـۆفێری کردنـی ئافرەتـان). بـا لـە ڕێنوسـە هەڵەکـەی بگەڕێیـن، تەنانـەت لـە ناوەڕۆکـە کۆنەپارێزەکەشـی. یەکسـەر نـە ڕەتیدەکەینـەوە و نـە قبوڵیشـی دەکەیـن: پێچێکـی دیالەکتیکـی زەرووره بـۆ ئـەوەی هـەم ڕەخنـەی بکەیـن، هـەم لەنـاو سـیاقی سیسـتەمدا بیخوێنینـەوە. شـۆفێری بـۆ ژن بێـت یـان پیـاو، مافێکـی سـادە و سـەرەتاییە. بـەڵام ئـەوەی سـادە نیـە ئەوەیـە کـە هـەروا بڵێیـن مافـە و بەلایـدا تێپەڕیـن.

زۆربوونـی سـەیارەی شەخسـی، لانیکـەم دوو ڕەهەنـدی هەیـە(چ بـۆ ژن بێـت یـان پیـاو). یەکـەم، بەرزبوونـەوەی بەرخـۆری و مەسرەفگەرایـی. دووەم، سـڵکردنەوە و خۆدوورگرتـن لـە ئەویـتر(the other). یەکەمیـان ڕوونـە، گـۆی زەوی پڕبـووە لـە ملیۆنـان سـەیارە و پارچـە تەنەکـەی جـوولاو، ئۆبێکتـەکان ڕێدەکـەن، لـە ڕواڵەتـدا جووڵـە بەسـەر نەجوولانـدا زاڵبـووە، شـارەکان لـە جوولانـدان. دووەمیـان جێـی بیرکردنـەوەی زیاتـرە. ئایـا ژنەکان/پیـاوەکان بەهـۆی سـەیارەی شەخسـییەوە تاچەنـد ئـازاد دەبـن؟ ئایـا ئـازادی لـە پێکەوەبوونـدا درووسـتدەبێت، یـان لـە هەڵاتـن و بەشەخسـیکردنی شـتەکاندا؟

ڕەنگـە ئازادیـی ڕاسـتەقینە لەوێـوە درووسـت ببێـت کـە لەویـتر تێبگەیـت، مامەڵـەی بکەیـت، پـاش مامەڵەکـردن نەفیـی بکەیـت نـەك پێـش مامەڵـە. سـەیارەی شەخسـی جۆرێکـە لـە نەفیکردنـی پێـش مامەڵە(بەتایبـەت بـۆ ژنـان). پەیوەندیـی نێـر و مـێ لـەم کۆمەڵگایانـەدا گـرژ و ناتەندرووسـتە، لێرەوەیـە سـەرمایەداری کاڵاکانـی خـۆی دێنێتەئـاراوە و پەیوەندییـە کۆنـە کۆمەڵایەتییـەکان دەقۆزێتـەوە: گـەر نێوانـی نێـر و مـێ تەندرووسـت نیـە، دەتوانیـت هەوڵبدەیـت سـەیارەیەك بکڕیـت و دووربگریت(کـە چینـی ناوەڕاسـت لـەم مەسـەلانەدا داهێنـەرن!).

ناکرێـت ئازادییـە شەخسـییەکان بسـڕینەوە، بـەڵام سـەیارەی شەخسـی لـەم سیسـتەمەدا لێدانـە لـە سـەیارەی گشـتی و هاتوچـۆی گشـتی. هاتوچـۆی گشـتی، ڕۆحێکـی تەعاونـی و کۆمۆنیسـتانەی هەیـە. مرۆڤـەکان پێکـەوەن، سـڵکردنەوە و بێزکردنـەوە کەمتردەبێتـەوە، ئەویـتر وەك مرۆڤێـك قابیلـی نزیکبوونەوەیـە. سـەیارەی شەخسـی، زۆربوونـی دیـوارە تازەکانـی نـاو سیسـتەمە. بـۆ ژنانیـش، پـتر دەرکەوتنـی فۆرمێکـی تـری پێشـانگایە، پێشـانگایەکی توندوتیـژ. گەنجێـك کۆمێنێتکـی وردی بـۆ ئـەو نامیلکەیـە نوسـیبوو. دەکرێـت تۆزێـك دەسـکاریی بکەیـن و بـەم جـۆرە دایڕێژینـەوە: ژنەکانـی چینـی ناوەڕاسـت لـەو دیـوی جامـە سـەیارەکانەوە، توندوتیژترین دیمەنـن بـۆ خەڵکانـی خوارووتـر.

# لە کوێوە دەست بە «خوێندنەوە» بکەین؟

ئەمـە ئـەو پرسـیارەیە کـە هـەرزەکاران و گەنجانێکـی نـوێ دەیکـەن. ئـەم پرسـیارە، پرسـیارێکی چارەنووسسـازە. تەنیـا پرسـیارێکی تەکنیکـی نیـە، هیدایـەت و ڕێپیشـاندانێکی سـادە نیـە، بەڵکـو چارەنـوس و شوناسـی کەسـێکی پێـوە بەنـدە. چونکـە هیـچ کتێـب و ژانرێـك بێلایـەن نیـە، کتێبـەکان پـڕن لـە کـۆدی ئایدۆلـۆژی، کەڵەکەبوونـی سـەدان کلێشـە و قەناعـەت و ڕسـتەی مەبەسـتدارن(تەنانەت ئـەو کاتانـەش کـە بێمەبەسـت نـوسراون، چونکـە ئایدۆلۆژیـا ناڕاسـتەوخۆ و نائاگایانـە کۆدەکانـی خـۆی دەچێنێـت).

وەڵامـی بـاو لـە واقیعـی ئێمـەدا بـۆ ئـەو پرسـیارە ئەوەیـە کـە: دەبێـت لـە خوێندنـەوەی (ڕۆمان)ــەوە دەسـتپێبکەین. ئەمـە کراوەتـە ڕێسـایەکی جێگیـر، یـان باشـترە بڵێیـن کراوەتـە: ئەفسانە(ئوسـتورە). ڕۆلان بـارت پێـی وایـە ئوسـتورە بریتییـە لـەو شـتە مێژووییانـەی کـە وەك شـتی سرووشـتی و نەگـۆڕ پیشـاندەدرێن. بەتایبـەت لـە دونیـای بۆرژوازییـدا زۆرێـك لـە شـتە سـاختە و مێژوییـەکان، وەك قـەدەری نەگـۆڕ پیشـاندەدرێن. هـاوکات بـۆرژوازی ئـەم وەڵامانـەی خـۆی وەك وەڵامێکـی تەبیعـی پێشکەشـدەکات، بەبـێ ئـەوەی ناواخنـە ئایدۆلۆژییەکـەی خـۆی پیشـانبدات. ڕۆمـان ژانرێکـی گرنگـە و ڕووبەرێکـی وردە بـۆ گەیاندنـی پەیـام. بـەڵام ئەمـڕۆ زۆرینـەی ڕۆمانـەکان لـە خزمەتـی ئایدۆلۆژیـای بـۆرژوازی و سـەرمایەدارییدان. بـە شـێوەیەکی زۆر شـاراوە و ئێسـتاتیکی، پـەرە بـە درووشـمەکانی ئـەو سیسـتەمە دەدەن(لـە واقیعـی ئێمـەدا پـەرە بـە هەندێـك ڕەفتـاری دەرەبەگانـە و کۆنیـش دەدات). بـۆرژوازی نـاو لـەو شـتانە نانێـت کـە هـی ئـەون، بـەڵام ناوەڕۆکـی خۆیانـی تیـا دەچێنێـت. ناتوانیـت دیاردەکانـی بگریـت و نـاوی بنێیـت و ڕێگـری لـەو پەرشـی و بەربوونـەوەی بگریـت. ڕۆلان بـارت وشـەیەکی سـەیری هەیـە بـۆ ئـەم فێلـەی بـۆرژوازی، وشـەی (خوێـن بەربـوون). واتـە جۆرێـك لـە بەربـوون و خۆشـنەکردنەوە

و نه‌گرتــن. بــارت پێــی وایــه بــۆرژوازی نایه‌وێــت نــاو لــه دیارده‌کانــی بنێیــن و بیگه‌ڕێنینــه‌وه بــۆ ئــه‌و، چونکــه ده‌ســتی که‌شــفده‌بێت. بــه‌م مانایــه ڕۆمانیــش له‌مــڕۆدا یه‌کێکــه لــه خوێــن به‌ربوونــه‌کان. ســه‌دان هــه‌زار ڕۆمــان لــه جیهانــدا، نیشــانه‌ی ئــه‌م خوێــن به‌ربوونه‌یــه.

مــه‌رج نیــه ڕۆمــان هه‌میشــه ژانرێکــی ســاده بێــت بــۆ ده‌ســپێکی خوێندنــه‌وه. کــه‌م نیــن ئــه‌و ڕۆمانانــه‌ی کــه خاوه‌نــی ته‌کنیــك و ته‌نانــه‌ت ناوه‌ڕۆکێکــی ئاڵۆزیشــن. لــه دونیــادا، کتێبــی ســه‌ره‌تایی فه‌لســه‌فییش هه‌یــه بــۆ ده‌ســپێك، بــه شــه‌رحی ســاده و هێڵــکاری و وێنــه و هتد(گه‌رچــی فه‌لســه‌فه‌ش بێلایــه‌ن و بێگونــاه نیــه و ســه‌ره‌تاکانی فه‌لســه‌فه لــه کۆمه‌ڵگایه‌کــی چینایه‌تیــی وه‌ك یۆنانــدا هاته‌ئــاراوه). به‌هه‌رحــاڵ غیابــی ئــه‌و کتێبــه ســه‌ره‌تاییانه، ڕۆمانــی کردۆتــه ده‌ســپێکی خوێندنــه‌وه و ئوســتوره لــه واقیعــی ئێمــه‌دا و مه‌ترســی بــۆ سیســته‌مه‌که درووســتناکات.

ئه‌مــه له‌نــاو ســیاقێکی دیاریکــراوی مێژووییــدا، ئه‌گینــا له‌بنه‌ڕه‌تــدا ڕۆمــان جێــی باسوخواســی زۆره. لێــره‌دا هێنــده به‌ســه ئامــاژه بــۆ تێزێــك لــه شــاکاره‌که‌ی جــۆرج لۆکاچ(تیــۆری ڕۆمان)بکه‌یــن کــه ده‌ڵێــت: ڕۆمــان، عیرفانێکــی نه‌رێنیــی ســه‌رده‌می بێخوداییــه.

# ڕادیۆی «تەکسی»

ڕادیـۆی تەکسـی، کـە پێشـتر ڕادیـۆی کتێـب بـوو، لـە هـەر تاکسـییەکدا هەیـە. کێشـەکە هـەر ئـەوە نیـە گۆرانیـی بەنـد و هونەریـی پۆپۆلیسـتی جێـی کتێبـی گرتۆتـەوە، بەڵکـو گرفتەکـە لـەوە زیاتـرە. چونکـە لـە ناواخنـدا بەشـێك لـە کتێبەکانـی ئەمـڕۆ، فەرقێکـی ئەوتۆیـان لەگـەڵ هونـەری شـەعبیدا نیـە. ئاشـکرایە تاکسـییەکان وەك جۆرێـك لـە دەزگا و ئەپاراتویسـی کۆمەڵایەتـی، پێشـتر جێـی بـاس و خواسـی سیاسـی بوون(لەخـۆڕا نیـە کـە دەسـەڵات بەشـێك لـە سیخوڕەکانی خـۆی لەنـاو دەزگا و جڤاتـی تاکسـیدا جێگیـردەکات). بـەڵام ئێسـتا ڕادیۆی «تەکسـی» دەلالەتـە لـەوەی کـە باسوخواسـی سیاسـی گـۆڕاوە بـۆ جۆرێـك لـە (لەسیاسـەتداماڵین). واتـە لـەو قۆناغـەش تێپەڕیـوە کـە جنێـوی سیاسـی بدرێـت. جنێـوی سیاسـییش جۆرێکـە لـە سیاسـەت و فـەزای سیاسـی. ڕادیـۆی «تەکسـی» وەك ڕاگـری سیسـتەم، خەڵـك لـە تووڕەییـەکان خاڵـی دەکاتـەوە. هـەر ئـەوەی کـە بەندبێـژەکان زۆرجـار دەڵێـن: «خەڵـك لـە کەئابەدایـە و پێویسـتە دڵیـان خـۆش بکەیـن». ڕاسـتییەکەی، لەبنەڕەتـدا دەسـەڵات دڵخـۆش دەبێـت نـەك خەڵـك. زۆربوونـی گۆرانیـی بەندیـش لـەم سـاڵانەی دواییـدا، تێکەڵەیەکـە لـە کۆمەڵێـك شـت: نائومێدیـی سیاسـی، بێئاسـۆیی گەنجـان و هـەرزەکاران، تەشـەنە سـەندنی پیشەسـازیی کەلتـور(Culture industry بـە زمانـی قوتابخانـەی فرانکفـۆرت)، گەشـەی واقیعـی مەجـازی، ڕەخسـانی مەجـاڵ بـۆ زمانـی خێـڵ و کەلتـور.

ڕادیـۆی «تەکسـی»، جۆرێکـە لـە میدیـای نـوێ، شـتێکی وەك ئەودیـوی میدیـا، میتا-میدیـا. نـە ڕاگەیاندنـی دەسـەڵات، نـە کەناڵـە فەزاییـەکان، نـە دەنگـی بەنـاو ئۆپۆزسـیۆن، نـە ڕۆژنامـە، نـە فەیسـبوك، نـە دواجـار: ڕادیـۆی ئاسـاییش. بـە مانایەکـی تـر، ئـەو دژەیـە کـە لـە هەنـاوی میدیا باوەکانـەوە دەرچـووە و لـە شـوێنێکی تـرەوە خزمەتـی سیسـتەم دەکات. سیسـتەم داوی زۆرە، لـە جێیەکـدا دڵتەنگـت دەکات و لـە شـوێنێکی تـردا ژێـرت دەکاتـەوە.

# له‌ودیو (په‌رده‌ی كچێنی)یه‌وه...

١)ورووژاندنــی مه‌ســه‌له‌ی (پــه‌رده‌ی كچێنــی) له‌ئێســتادا، به‌ته‌نیــا ورووژاندنــی پــه‌رده‌ی كچێنــی نیــه‌. به‌ڵكــو ورووژاندنــه‌وه‌ی تێكــڕای كێشــه‌ی ژنانــه‌. واتــه‌ له‌گــه‌ڵ هــه‌ر پرســێكی جوزئــی و به‌شــه‌كییدا، كــۆی پرســه‌كه‌ش ده‌وروژێتــه‌وه‌ و له‌پاڵیــدا قســه‌ی تــر دێته‌ئــاراوه‌. بــه‌ ده‌ربڕینێكــی تــر، به‌ش(جــوزو)، ڕۆڵــی گشــت(كل) ده‌گێڕێــت. پــه‌رده‌ی كچێنــی كێشــه‌یه‌كی جوزئییــه‌، كــه‌ كــۆی كێشــه‌ی ژنانــی له‌خۆیــدا هه‌ڵگرتــووه‌. نــه‌ك هــه‌ر ژنــان، به‌ڵكــو به‌پێــی تێــزه‌ هیگڵییه‌كــه‌، كێشــه‌كانی پیاوانیشــی له‌خۆیــدا هه‌ڵگرتــووه‌. پــه‌رده‌ی كچێنــی، هــاوكات میتافۆرێكــه‌ بــۆ قســه‌كردن له‌ســه‌ر دڕینــی زۆر پــه‌رده‌ی تــری كه‌لتــوری. بۆنموونــه‌: له‌گــه‌ڵ پیاچوونــه‌وه‌ بــه‌ پرســی (پــه‌رده‌ی كچێنــی)دا، ماناكانــی (پیاوبوون)یــش گۆڕانــی به‌ســه‌ردا دێــت. پیاوبــوون پرســێكی مێژوویــی/ كۆمه‌ڵایه‌تییــه‌ و هیــچ پیاوێــك به‌زاتــی خــۆی پیــاو نیــه‌. یه‌كێــك لــه‌ ســیحره‌كانی گۆڕانــكاری و هۆشــیاربوونه‌وه‌ش ئه‌وه‌یــه‌ كــه‌ مــرۆڤ بــه‌رده‌وام لــه‌و به‌ســته‌ڵه‌كه‌ مێژوویــی و كه‌لتورییانــه‌ی نــاو خــۆی تێكده‌شــكێنیت و دیســان تێــده‌گات ده‌یــان كــۆت و به‌ســته‌ڵه‌كی تــر مــاوه‌ تێكیــان بشــكێنێت.

٢)گۆڕانــكاری، پرۆســه‌یه‌كی پله‌پلــه‌ و دیاله‌كتیكییــه‌. ئه‌مــه‌ بــه‌و مانایــه‌ نایــه‌ت كــه‌ هه‌میشــه‌ شــته‌كان بــه‌ ڕیزبه‌نــدی ده‌گۆڕێــن، به‌ڵكــو بــۆ ئــه‌وه‌ی گۆڕانــی به‌رچــاو ڕووبــدات، جۆرێــك لــه‌ ورووژانــدن و زه‌مینه‌ســازی و ئاســاییكردنه‌وه‌ی پێشــوه‌ختی ده‌وێــت. هیــگڵ لــه‌ كتێبــی (فینۆمینۆلۆژیــای ڕۆح)دا تێزێكــی ئاشــنای هه‌یــه‌ و ده‌نوســێت: كاتێــك پێوه‌رێــك شــتێك ده‌پێوێــت، ئــه‌وا له‌كاتــی پێوانه‌كردنه‌كــه‌دا گــۆڕان به‌ســه‌ر خــودی پێوه‌ره‌كه‌شــدا دێــت. واتــه‌ هه‌مــوو پرۆســه‌یه‌ك له‌نــاو مێــژوودا گۆڕانــی به‌ســه‌ردا دێــت و ده‌بێــت بیخه‌یتــه‌ نــاو پرۆســه‌كه‌وه‌. هیــچ بكــه‌ر و چاودێرێــك ناتوانێــت لــه‌ ده‌ره‌وه‌ی مێــژوو و گۆڕانكارییه‌كانه‌وه‌ بوه‌ســتێت و داوای ئه‌وه‌شــی لــێ بكه‌یــت بگۆڕێــت. لــه‌ چوارچێــوه‌ی گۆڕانكارییــه‌ كه‌لتورییه‌كانــدا، ده‌بێــت قوربانییه‌كانیــش

بتوانـن قسـەبکەن. بۆنموونـە، بـۆ ئـەوەی بەسـتەڵەکی پیاوسـالاری و خێڵسـالاریی کـوردی بشـکێت، دەبێـت پیاوەکانیـش بتوانـن تەعبیـر لـە خۆیـان بکـەن. بتوانـن سـەرەتا درووشـمێك درووسـتبکەن و پاشـان ملکەچـی ئـەو درووشـمانە بـبن. ئەمـە بەپێچەوانـەی ئـەو هێـرش و پەلامارانـەوە کـە دەکرێتـە سـەر هـەر پیاوێـك کـە تۆزێـك بەرگـری لـە پرسـی ژن دەکات و یەکسـەر پێیدەڵێـن: تـۆش نمایشـدەکەیت، تـۆش ڕزگارت نەبـووە لـە شـتەکە، تـۆش هتـد. بـۆ ئـەوەی قوربانییـەکان قسـەبکەن، دەبێـت نەشـکێنرێنەوە و هانبدرێـن لەسـەر ژێسـت و نمایشـەکانیان بـەردەوام بـن تاکـو تووشـی هەڵوێسـتی ڕاسـتەقینەی خۆیـان دەبـن و بەشـێك لـە درووشـمەکانیان ناواخندەکەنـەوە و پیـادەی دەکـەن. بـەم پێیـە ئـەوەی داوای شـتی خێـرا و زۆرگـەورە دەکات لەئاسـتی کەلتورییـدا، ئـەوە لەڕاسـتیدا داوای هیـچ نـاکات و هیچـی ناوێـت. یـان بـە زمانێکـی تیۆرییـتر: ئـەوەی ژێسـت(و جووڵـە و نمایـش) بـە کـەم دەزانێـت، هەرگیـز لـە توانـا و قودرەتـی ژێسـت تێنەگەیشـتووە.

# هەڵەبجە لە کارەساتەوە بۆ بەرەنگاری...

١) لەنـاو مارشـە باوەکانـی هەڵەبجـەدا، شـیعرەکەی ڕەفیـق سـابیر، شـیعرێکی زەمینییـە. چاوێکـی زەمینـی و دنیایـی و ماتریاڵیسـتی، وێنـەی کارەسـاتەکە دەگرێـت. بەبـێ ئـەوەی باسـی ئاسـمان بـکات، بەشـێوەیەکی توانجدارانـە تەنیایـی مـرۆڤ دەردەخـات. تەنیاییـەك لەنـاو سرووشـتدا، لەنـاو شـەو و کارەساتدا(بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ چەمکـە ئاسـمانییەکانی وەك خـودا دەکاتـە دەرەوە). بـەڵام ئەمـە لای شـێرکۆ پێچەوانەیـە. شـێرکۆ هێشـتا وێنـە ئاسـمانییەکان بەکاردێنێتـەوە و خـودا دەبێتـە جێـی گلەیـی. ڕەنگـە بگوترێـت: شـێرکۆ بەشـێوەیەکی ناوەنشـین(immanent) زمـان بەکاردێنێـت و دەیەوێـت خەڵـك تێبـگات. بـەڵام ئـەی ئەگـەر ئەمـە نەسـت و ناخودئـاگای شەخسـیی شـاعیر بووبێـت و لـە میتافـۆرە دینییـەکان ڕزگاری نەبووبێـت؟ پێـش دەیەیـەك «بەختیارعەلی»یـش لـە کتێبـی «خوێنـەری کوشـندە»دا شـێوازی کارەسـاتەکەی چووانـد بـەوەی بەعـس دەیەوێـت لاسـایی دەسـەڵاتێکی ئاسـمانی بکاتـەوە: لـە چاوتروکانێکـدا بەئەنـدازەی کارەسـاتە سرووشـتییەکان لاشـە لەسـەر زەوی بخـات. ئـەی چـی دەبێـت ئەمـەش ڕوانگـەی قوربانییـەك بێـت نـەك ڕوانگـەی سـتەمکار؟ وەكبڵێـی ئـەوەی کارەسـاتەکە تـا ئاسـتی کارەسـاتێکی سرووشـتی بەرزدەکاتـەوە، شـێوازی ڕوودانـی کارەسـاتەکە نیـە، بەڵکـو فشـاری ڕۆحـی و دەروونیـی کەسـانی نـاو نەتـەوەی ژێردەسـتە.

٢) بەدرێژایـی یادکردنەوەکانـی ڕابـردووی هەڵەبجـە، تۆنێکـی ئەنتی-تیـۆری هەبـووە و پێیوایـە پاداشـتی هەڵەبجـە تەنیـا بـە خزمەتگـوزاری دەدرێتـەوە. ئـەو خاڵـە لەبیردەکرێـت کـە کارەسـاتەکان ناوکێکـی تراوماییـان هەیـە، واتـە شـۆکێکی دەروونییـان هەیـە کـە بابەتـی تیۆریـزە و بیرلێکردنـەوەن و بـە خزمەتگـوزاری قەرەبووناب‌نەوە(گەرچـی باسـکردن لـە خزمەتگـوزاری، تاڕادەیـەك دیوێکـی لۆژیکیـی هەیـە و داخسـتنی دەمـی دەسـەڵاتە تاکـو لـەوە زیاتـر هێڵنـج لەسـەر کارەسـاتەکان دروسـتنەکات). لـە ناوەنـدی نوخبەییشـدا، دەوترێـت: هەڵەبجـە و ئەنفـال و هتـد، پێویسـتیان بـە نوسـینی تێکسـتی مەزنـە. مەبەسـت لـەم بۆچوونـەش، وێناکـردن و نواندنـەوەی دەقاودەقـی کارەسـاتەکەیە: سـەیرکە دەڵێـی لەکاتـی ڕوودانیـدا لـەوێ بـووە! ئەمـەش دووبارەکردنـەوەی

حەکایەتـە شـەعبییەکەیە سـەبارەت بـە شـیعر: سـەیرکە وەکـو خـۆی شـتەکە وەسـفدەکات! قسـەی دڵـی هەمووـمـان دەکات! ئـەوەی لـەم بۆچوونـەدا غایبـە ئەوەیـە کـە دەبێـت ئاسـۆیەك بـۆ کارەسـاتەکان بکەیتـەوە. بۆنموونـە: هەڵەبجـە لـە مێـژووی پێـش ڕاپەڕینـەوە بگوازیتـەوە بـۆ مێـژووی دوای ڕاپەڕیـن. جێـی وەرچەرخانەکانـی دواتـری تیـا بکەیتـەوە و بپرسـیت: ئـەم کارەسـاتانە تـا چەنـد بوونەتـە ڕێگـر لەبـەردەم شۆڕشـدا دژی دەسـەڵاتی «خۆماڵـی»؟ چـۆن کارەسـات لـە شـیوەنەوە بگۆڕیـن بـۆ بەرەنـگاری؟ بـە دەربڕینێکـی تـر: لـە نواندنـەوەوە بـۆ خەڵقکـردن و ئەفرانـدن. ئەمـەش لانیکـەم لـەو ڕووەوە کـە ئێسـتا نەوەیـەك لـە گەورەبووندایـە، بـاش لـە هەڵەبجـە تێنـاگات. تێگەیشـتن بـەو مانایـەی کـە خەونەکانـی ئـەم، شـتی تـرن. هـەر ئـەم نەوەیـە بـوو کـە هیـچ مەیلێکـی بـۆ یادکردنـەوەی «ڕاپەڕیـن» نەبـوو. کارەسـاتەکان لەگـەڵ بەردەوامبوونـی مێـژوودا، ئیزافـەی تـر دەچێتـە سـەریان. هـەر جیلێـك دەیبەسـتێت بـە خەیـاڵ و فەنتازیاکانـی خۆیـەوە.

٣) ئەدۆرنـو دەڵێـت: «یەکـەم زەرورەتـی هەمـوو جـۆرە فێـرکاری و ڕۆشـنبیرییەک ئەوەیـە کـە ئاوشـڤیتز دووبارەنەبێتـەوە». بێگومـان ئـەم ڕستەیە دەتوانێـت ببێتـە هەڵسـەنگێنەری هەمـوو پـاش کارەسـاتێک، بەم‌پێیـەش ئەگـەر سـەیری مێـژووی پـاش کارەسـاتی هەڵەبجـە بکەیـن ڕێـک بـەر ئـەوە دەکەویـن کـە بەپێچەوانـەی ئـەو تێـزەی ئەدۆرنـۆوە کاریکـردووە لەسـەر دوو ئاسـت: یەکەم ئاسـتی دەسـەڵاتی سیاسـی و دووەمیـش ئاسـتی ڕۆشـنبیری. هەمـوو کاری ئـەم دووانـە لەسـەر هـەردوو ئاسـتەکە کارکـردن بـووە بـە ئاراسـتەی لەخاچدانـەوەی بەردەوامـی هەڵەبجـە و زەمینەخۆشـکردن بـۆ ئـەو بەردەوامییـە. نوسـەر و شـاعیرەکان و هونەرمەنـدەکان هەمیشـە کاریـان لەسـەر ئـەو وێنەیـە کـردووە کـە نـەک کارەسـاتی هەڵەبجـە، بەڵکـو خەڵکـی کوردیـش وەک مەزڵـوم و سـتەملێکراو بخەنـەڕوو و سـوبێکتێکی گشـتیی زەلیـل و مەزڵوومیـان بـۆ کـورد درووسـتکردووە. ئەمـەش ڕێـک هاتنەدیـی ئـەو ترسـەیە کـە بنیامیـن بـە ئەدۆرنـۆ دەڵێـت: «بەڕاسـتی ئایـا هێشـتا کەسـانی ئەشـکەنجەدەر بـۆ جێبەجێکردنـی فەرمانەکانـی نازییـەکان لـەوێ هـەن؟». ئەدۆرنـۆ لـە درێـژەدا ڕوونیدەکاتـەوە کـە ترسـی بنیامیـن ئەشـکەنجەدەرە فەرمییەکانـی دەزگاکانـی دەوڵـەت نەبـووە بەڵکـو ئـەو خەڵکە بـووە کە ملکەچ و زەلیل و مەزڵـوم بوون، ئـەو جـۆرە سـوبێکتە پێـش هەمـوو شـت کارەسـاتەکان دووبارەدەکاتـەوە. گرنـگ ئەوەیـە کـە سـوبێکتی مەزڵـوم و زەلیلـی دروسـتکراوی دەسـتی دەسـەڵاتی سیاسـی و دەسـەڵاتی ڕۆشـنبیری تێکبشـکێنین و سـوبێکتی بەرەنـگار درووسـتبکەین، سـوبێکتێک کـە لەسـەر تەرمـی قوربانییەکانـی سـەمادەکات بـەڵام تەسـلیم و زەلیـل و ملکـەچ نابێـت...

# ستالین وەک هاوڕێی گەنجان...

یەکـەم ڕۆژی سـاڵیادی ڕاپەڕیـن، ڕێکەوتـە لەگـەڵ مردنـی یوسـف(جۆزێف) سـتالین، کۆمۆنیسـت و شۆڕشـگێڕی بەناوبانـگ.

ئێسـتا سـەردەمی زیادەڕۆییکردنـە لـە کۆمەڵێـك دروشـمدا وەك: کرانـەوە بـە ڕووی ئەویـتردا، لێبوردەیـی و تۆلێرانسـی بێکۆتایـی، ڕق لـە جەنـگ و ئایدۆلۆژیـا و سیاسـەت و توندوتیـژی و هتـد. بـە قەولـی ژیـژەك، ئـەم هەمـوو «لێبوردەیـی!» و کراوەییـە دەرهـەق بـە ئەویـتر، گوزارشـت لـە یـەك شـت دەکات: ڕاکـردن لـە ڕووبەڕووبوونـەوە و گۆڕانـی ڕیشـەیی و ڕادیـکاڵ. سـەردەمەکەمان هەمـوو شـتێك کورتدەکاتـەوە بـۆ جیـاوازی و مـەودا و لێرەشـەوە هەمـوو ئەگەرێکـی ڕاسـتەقینەی گۆڕانـکاری دهدەکوژێـت. لـە چ سـەردەمێکدا ئـەم قسـانە دەکرێـت؟ لـە سـەردەمێکدا کـە سـەروەت و سـامانی هەشـت ملیاردێـر کـە شەشـیان ئەمریکیـن، بەقـەد سـەروەت و سـامانی ٣.٦ملیـارد کەسـە واتـە بـە قـەد نیـوەی جیهانیـان هەیـە.... ئـەم نایەکسـانی و ناعەدالەتییـە ناکۆتایـە شـتێکی هەڕەمەکـی نییـە بەڵکـو ڕێـک جوڵانـەوەی جیهانـە بەگوێـرەی یاسـاکانی سـەرمایە کـە سـەرمایەداری دروسـتدەکات. لێـرەوە سـتالین ناوێکـی گشـتییە بـۆ مێـژووی عەدالـەت و یەکسـانی، سـتالین چەکوشـێکە بـۆ قرتاندنـی مێـژووی چەوسـاندنەوە و نایەکسـانی.... لـە غیابـی سـتالین و هاوشـێوەکانی سـتالیندا دەتوانیـت وێنـای ئـەوە بکەیـت جیهـان بـەرەو چ دۆزەخیـک دەڕوات.

«مێشكشـۆردنەوە» یەکێکـی تـرە لـەو وشـانەی کـە شـێوێنراوە. سیسـتەم ڕۆژانـە لەڕێگـەی میدیاکانیـەوە مێشـکی ملیۆنـان مـرۆڤ دەشـواتەوە، وەکچـۆن لەسـەر خـەون و ئاسـۆکانی سـتالینیش مێشـکی زۆرینـەی شـۆردۆتەوە. سـتالین کراوەتـە دێوێـك کـە لەپـاڵ (جگـەرە و مێشـوولە و هتـد)دا بـە هـۆکارە سـەرەکییەکانی مردنـی مـرۆڤ دانـراون! بـەڵام سـتالین دووجـار نازنـاوە، جارێکیـان بـە مانـای کەسـێکی پۆڵاییـن دێـت لـە زمانـی ڕوسـیدا، جارێکـی تریـش نازنـاوە بـۆ سـەردەمانێك کـە یـەك لەسـەر سـێی مرۆڤەکانـی سـەرزەوی خەونیـان بـە دنیایەکـی میهرەبانـترەوە دەبینـی. سـتالین لەبنەڕەتـدا (نـاوی یوسـف ڤیسـاریۆنۆڤیچ جۆگاشڤیلی)ـە. ژیـژەك لـە کتێبـی (ئۆبێکتـی بـاڵای ئایدۆلۆژیـا)دا پێـی

وایـە کـە: لەنێـوان نـاوی ڕاسـتەقینەی سـتالین و نازناوەکەیـدا، پەیوەندییەکـی خەیاڵـی هەیـە. یوسـف ڤیسـاریۆنۆڤیچ جۆگاشـڤیلی، حـەزدەکات وەك سـتالین ببینرێـت، واتـە وەك کەسـێکی ئاسـنین، وەك کەسـێکی خۆشویسـتراو. بەکورتـی، سـتالین ئـەو وێنـە ئایدیاڵەیـە کـە یوسـف ڤیسـاریۆنۆڤیچ جۆگاشـڤیلی دەیویسـت هەیبێـت. گـەر ناوەکـەی تەعبیـر بووبێـت لـە کەسـێك کـە لـە گۆشـت و خوێـن پێکهاتـووە، ئـەوا نازناوەکـە کەسـێکە لەودیـوی گۆشـت و خوێنـی ئاسـاییەوەیە. کاتێکیـش لـە مەراسـیمی ماڵاوایـی لینینـدا، سـتالین وتاردەخوێنێتـەوە، بـە ڕسـتەیەك دەسـتپێدەکات کـە ئـەم بۆچوونـە پشتڕاسـتدەکاتەوە: «هاوڕێیـان، ئێمـەی کۆمۆنیسـت خەڵکانێکیـن کـە لـە مەعدەنێکـی تایبـەت خوڵقاویـن». لەدرێـژەی وتاردانەکـەدا باسـی ئـەوەش دەکات کـە لینیـن وەسـیەتی بـۆ کـردوون حکومڕانیـی پرۆلیتاریـا و کرێـکاران بەتۆکمەیـی بهێڵنـەوە، بۆیـە دەڵێـت: سـوێند بـە تـۆ هـاوڕێ لینیـن، درێغـی لـە هێـز و گـوڕی خۆمـان ناکەیـن تاکـو بـە شـەرافەتەوە ئـەم وەسـیەتەی تـۆ ئەنجـام دەدەیـن. ئەمـڕۆ گەڕانەوەیـەك بـۆ سـتالین هەیـە. هەندێـك هـەن پێیانوایـە گەڕانەوەیـە بـۆ سـتالینی شۆڕشـگێڕ، بـۆ کەسـێك کـە وزە بـە مـرۆڤ دەدات و زەبوونـی و لاوازییەکانـی ئەمـڕۆی بیردەباتـەوە، بەتایبـەت لەنـاو گەنجانـدا. بـەڵام دەکرێـت بـەم جـۆرەش نەبێـت: لـە سـەردەمی پۆسـتمۆدێرندا، گەڕانـەوە بـۆ ئـەو شـتانە هـەن کـە وەك شـتی ڤێـزەون و ترسـناك نـاسراون. دوور نیـە گەڕانـەوە بـۆ سـتالین، گەڕانـەوە بێـت بـۆ ئـەم شـتە، بـە زمانـی بادیـۆ: تاسـەکردنی ڕیـاڵ بێـت، تاسـە و تامەزرۆیـی بـۆ شـتە ترسـناکەکان.

لـە مێـژووی کـورددا، لەبـری نـاوی پۆڵاییـن و «سـتالینی»، نـاوی زەبـوون و تێکشـکاو زۆرە: مەحـوی، نالـی، بێکـەس، ڕەشـپۆش، پەشـێو، هتـد. واتـە هەوڵدەدرێـت ئـەم نازنـاوە زەبـوون و تێکشـکاوانە بکرێنـە وێنـە خەیاڵییەکـەی گەنجـان، بـەڵام ئایـا سـتالین هاوڕێـی هەمـوو گەنجـە بێبـەش و تێکشـکاوەکان بێـت باشـتر نیـە؟ ئایـا هەمـوو نارەحەتـی و نایەکسـانییەك، پێویسـتی بـە دەسـتێکی سـتالینی نیـە بـۆ گۆڕینـی؟ ئایـا گەنجانـی ئێمە(نێر/مـێ)، ناڕاسـتەوخۆ خـەون بـە پێگـەی سـتالینەوە نابینـن تاکـو دەسـەڵاتداران بەسـزا بگەیەنـن؟

دژ بـەو هەمـوو شـێواندنەی سـیمای سـتالین، مـرۆڤ ناچاردەبێـت نـاوی سـتالین بخاتـەوە سـەر وەزنـی ناونیشـانی یەکێـك لـە کتێبەکانـی نیچـە. نیچـە کتێبێکـی هەیـە بەنـاوی: مرۆڤانـە، زۆر مرۆڤانـە. مـرۆڤ گـەر زۆر مـرۆڤ بـوو، ئـەوا ڕەهەندێکـی نامرۆیـی وەردەگرێـت. وای دانـێ ڕەهەندێکـی وەك ئـەو ڕەهەنـدە دێوئاسـایەی کـە بـۆرژوازی دەیداتـە پـاڵ سـتالین. بـەم پێیـە کێشـەی ڕاسـتەقینەی سـتالین ئەمـە بـوو: شۆڕشـگێڕانە، زۆر شۆڕشـگێڕانە.

# ئایا منالاَن پاكن؟

یه‌كێك له‌ كلێشه‌ درۆیینه‌كان ده‌رباره‌ی منالاَن ئه‌وه‌یه‌ كه‌ منالاَن پاكن و نابێت به‌ سیاسه‌ت و ئایدۆلۆژیا و هتد پیس بكرێن. ئه‌م تێگه‌یشتنه‌ بۆ منال، تێگه‌یشتنێكه‌ كه‌ مرۆڤ له‌سه‌ر یه‌ك ڕاسته‌هێڵ ده‌بینێت، پێی‌وایه‌ مرۆڤ سه‌ره‌تا پاك و سپییه‌ و پاشان ڕه‌ش و ناشیرین ده‌بێت. وه‌ك بلێی كات و شوێن و دیارده‌كان ده‌وه‌ستن تاكو منالێك گه‌وره‌ده‌بێت و پاشان ئیتر ئه‌ركی خۆیه‌تی شته‌كان هه‌لبژێرێت، بیركردنه‌وه‌ی خۆی درووستبكات و كه‌سایه‌تیی خۆی داڕێژێت. دیاره‌ ئه‌مه‌ خورافه‌یه‌كی باوه‌ و منال هه‌ر له‌ سه‌ره‌تاكانی ته‌مه‌نیه‌وه‌ كه‌وتۆته‌ ناوتۆڕێك ڕێسا و یاسای كۆمه‌لاَیه‌تی و كه‌لتوری و ئایدۆلۆژییه‌وه‌. ته‌نانه‌ت منال به‌ر له‌وه‌ی له‌دایك ببێت، زه‌مینه‌یه‌كی پێشوه‌ختی بۆ ئاماده‌كراوه‌ و ڕێساكان چاوه‌ڕوانی ده‌كه‌ن زووتر بێته‌دونیاوه‌.

هه‌ر له‌ناوعه‌قلی باودا، كلێشه‌یه‌كی تر هه‌یه‌ و ئه‌مه‌ی یه‌كه‌م ده‌خاته‌ درۆوه‌. ده‌وترێت: فلاَن كه‌س پرسی پێنه‌كراوه‌ كه‌ حه‌زده‌كات بێته‌ دونیاوه‌ یان نا. واته‌ مرۆڤ له‌ ته‌مه‌نی سه‌ره‌تادا، خاوه‌نی جۆرێك له‌ بڕیاری هه‌لبژاردنه‌، گه‌رچی شته‌كه‌ جۆرێكه‌ له‌ گریمانه‌. ئه‌م گریمانه‌یه‌ناڕاسته‌وخۆ پێمانده‌لێت منالاَن یه‌كه‌یه‌كی كۆمه‌لاَیه‌تیی دابڕاونین و له‌ ده‌ره‌وه‌ی كاردانه‌وه‌كان نازین. ئه‌وان له‌ گه‌وره‌كان زیاتر ئایدۆلۆژیین و كۆده‌ په‌روه‌رده‌یی و ئایدۆلۆژییه‌كان وه‌رده‌گرن و ده‌بێته‌ كاره‌كته‌ریان(چ شتێك له‌ مه‌نهه‌جی قوتابخانه‌ سه‌ره‌تاییه‌كان ئایدۆلۆژییتره‌؟). بۆیه‌ به‌شێك له‌وعه‌قلیه‌ته‌ی كه‌ منالاَن وه‌ریده‌گرن، هه‌ر ئه‌و عه‌قلیه‌ته‌یه‌ كه‌ له‌ ته‌مه‌نه‌كانی دواتریشدا وه‌ریده‌گرێت و شتێكی زۆر جیاواز هه‌لنابژێرێت.

هه‌ریه‌ك له‌ نیچه‌ و ئۆگه‌ستین و فرۆید و هتد جه‌ختیان له‌وه‌ كردۆته‌وه‌ كه‌ منالاَن پڕن له‌

ئیره‌یـی و شـه‌ڕه‌نگێزی(لانیکه‌م هه‌ندێـك شـت ناچه‌پێنـن کـه گـه‌وره‌کان ده‌یچه‌پێنـن). منـاڵان بۆیـه کراونه‌تـه ڕه‌مـزی پاکـی، چونکـه ئه‌زموونیـان که‌مـه، شـته‌کان وه‌ك خـۆی ده‌رده‌خـه‌ن، توانایـان که‌مـتره بـۆ درووسـتکردنی جه‌نـگ و ئاشـوب. بـه‌س کاتێـك ژياننامـه‌ی «دیکتاتۆرێـك!» ده‌نوسرێتـه‌وه، یه‌کسـه‌ر ده‌گه‌ڕێنـه‌وه بـۆ مناڵییه‌کـه‌ی و هه‌وڵـده‌ده‌ن ئـه‌م ڕه‌مـزی پاکییـه له‌کـه‌دار بکـه‌ن و بڵێـن مناڵێکـی ناسـاغ بـووه.

زۆرجـار مردنـی گه‌وره‌یـه‌ك که‌لێنیکـی گـه‌وره لـه سـیاقی کۆمه‌لایه‌تییـدا درووسـتده‌کات، جۆرێـك لـه به‌رپرسـیاری و بۆشـایی جێدێڵێـت کـه هه‌رگیـز بـه منـاڵان پڕناکرێتـه‌وه. جگـه له‌مـه‌ش، مـرۆڤ ته‌مه‌نێکـی پێچاوپێچـی هه‌یـه، لـه ئاینـده‌ی خۆیـدا چرکه‌سـاتی مناڵانـه زۆر ئه‌زموونـده‌کات و بیانووه‌کانـی هـی مناڵێکـن کـه گـه‌وره بـووه و که‌مێـك ته‌مومژاویـتر ده‌ریده‌بڕێـت.

فرۆیـد پێی‌وایـه: یه‌که‌میـن دیـاری کـه منـاڵان ده‌یبه‌خشـنه دایـك و باوکیـان پیسـاییه‌که‌یانه. «پیسـایی» ناوه‌کییتریـن و ڕۆحانیتریـن ده‌رهاویشـته‌ی مرۆڤـه کـه شـه‌رمی لێده‌کات و پێـی خـۆش نیـه ئه‌وانیـتر ببینـن و لـه‌م ناوه‌کیبوونه‌وه‌یـه ئاگاداربینـه‌وه کـه لـه شـێوه‌یه‌کی ماده‌یه‌کـی بۆگه‌نـدا به‌رجه‌سـته بـووه. هـاوکات پێگـه‌ی منـاڵ، پێگه‌یه‌کـی ناکۆکـه. هـه‌م دایـك و بـاوك ده‌لکێنێـت به‌یه‌کتره‌وه(لکاندنێکـی پـڕ گـرژی)، هـه‌م لێکیشـیان جیاده‌کاتـه‌وه و لێکیـان بێمنـه‌ت ده‌کات.

ده‌بێـت به‌سـه‌ر میتافـۆری مناڵـدا بچینـه‌وه. هـاوکات گوزاره‌کانـی وه‌ك (حکومه‌تـی سـاوا)، (منـاڵ و خـوا له‌یه‌کده‌چـن چونکـه هه‌ردووکیـان بێگوناهـن) هه‌ڵته‌کێنیـن کـه ئایدۆلۆژییتریـن گـوزاره‌ن مـرۆڤ به‌رهه‌میهێنابێـت.

# سەردەمی بینینی شتە زۆرەکان...

بەشـێك لـە خەمۆكـی و دڵتەنگییەكانـی مرۆڤـی ئەمـڕۆ لـە زۆریـی شـتەكانەوە سـەرچاوە دەگرێـت: شـت، شـت، هەمـوو لا هـەر شـت. بینینـی شـتی زۆر، كەسـی زۆر، دیمەنـی زۆر. ئـەم زۆرییـە، تەمەنـی پەیوەندییـەكان و پەیمانـەكان و یادگارییـەكان كورتدەكاتـەوە: بۆدریـار لـە كتێبـی (كۆمەڵـگای بەرخـۆری)دا شـتێكی لـەم جـۆرە دەڵێـت: ئێمـە ئێسـتا شـتەكان دەبینیـن كـە لەدایكدەبـن، دەگەنـە كامڵـی و پاشـان دەمـرن؛ لەكاتێكـدا لـە شارسـتانیەتەكانی پێشـوودا، هـەر شـتێك چەندیـن نـەوە و نەسـڵ درێژدەبـووە و تەمەنـی خـۆی درێژدەكردەوە(بۆنموونـە، جـاران چەكوشـێك جیـل بـە جیـل دەستاودەسـتی دەكـرد، ئێسـتا لـە تەمەنـی جیلێكـدا چەندیـن سـەلاجە دەگۆڕدرێـت). پرسـیارە شـاراوە دەروونشـیكارییەكەی بۆدریـار ئەمەیـە: منداڵێـك گـەر لەنـاو گورگەكانـدا گـەورە ببێـت دەبێتـە گـورگ، ئایـا مرۆڤـی ئێسـتاش كـە لەنـاو شـت و شـمەك و ئامرازەكانـدا گەورەدەبێـت دەبێـت بـە چـی؟

زۆریـی شـتەكان و دیمەنـەكان، ناهێڵـن بـە مانـا كلاسـیكەكەی، یـادەوەری درووسـتببێت. واتـە هـەر دیـاردە و شـتێك، چیـتر بەئاسـانی بـەرواری خـۆی درووسـتناكات. كـە بـەروار و مێـژووش درووسـتنەبوو، وەفـا درووسـتنابێت. وەفـا لەمـڕۆدا بـە مانـای درووسـتكردنی مێـژوو دێـت، بـە مانـای مانـەوە دێـت لەسـەر ڕووداوێـك، دیاردەیـەك، كۆنتاكتێك(ئەمـە گـەر لـە كۆمەڵـگای ئێمـەدا بەتـەواوی نەهاتبێتـەدی، ئـەوا بەرەبـەرە سـایكۆلۆژیاكەی لـە درووسـتبووندایە).

لە نـاو فـەزای مەجازی(واقیعـی مەجـازی)دا، نـەك هـەر شـت شـت دەسـڕێتەوە، بەڵكـو كاتیـش كات دەسـڕێتەوە. هـەر شـەوێك، شـەوێكی پێـش خـۆی دەسـڕێتەوە و لانیكـەم ناهێڵێـت لەسـەر ڕیزبەندییەكـی زەمەنـی بچنـە پـاڵ یـەك. ئـەوەی هەیـە پچـڕان و تێكەڵبـوون و بیرچوونەوەیـە. لێرەوەیـە كـە پارادۆكسـەكان زۆرن و تێشـدەپەڕن، هەڵوێسـتی خێـرا و سـوریالیی كەسـەكانیش بوونەتـە شـتێكی ئاسـایی.

كلێشـەیەك هەبـوو كـە دەوتـرا: بـۆ ئـەوەی شـتێك ببینیـت، پێویسـتە لـە چەنـد ڕوانگەیەكـەوە سـەیری بكەیـت. ئێسـتا دۆخەكـە ئاڵۆزتـرە: شـتەكان لـە پێشـبڕكێیەكی بەردەوامـدان تاكـو بـواری خۆدەرخسـتنیان هەبێـت بـۆ مـرۆڤ و زۆرێكیشـیان نابینرێـن.

# وردە پزیشکەکانی کەلتور:

نیچە باس لەوە دەکات کە پێویستە فەلسەفە ڕۆڵی «پزیشکی کەلتوری» ببینێت. واتە نەخۆشی و قەیران و بەها کۆنەکانی سەردەمی خۆی تێکشکێنێت. بەڵام ئەمڕۆ تەنیا ئەرکی فەیلەسوف نیە کە کەلتور بگۆڕێت. بەڵکو دەکرێت هەموان ڕۆڵی وردەفەیلەسوف و وردەپزیشك ببینن چونکە کۆمەڵێك کێشەی مەلموس و ڕۆژانە هەن کە ئەمڕۆ هەموان ناچارن بیری لێبکەنەوە.
سیستەم واتە گشت(whole) و لە چەندین بەش(partt) پێکدێت. ئەمڕۆ سیستەم نەخۆشە، واتە گشت و بەشەکانی نەخۆشن. ئەدۆرنۆ پێیوایە لەناو (گشت)ێکی نەخۆشدا، بەشی تەندرووست بوونی نیە. گەر نەریتی مارکسی، شەڕی ژێرخان بکات، ئەوا نیچە دەتوانێت ئەمڕۆ لە سەرخانی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و بەها کۆنەکاندا پزیشك و شۆڕشگێڕ بێت. هەر بەم پێیە، ئەوانەی بە ڕۆحی نیچەییەوە شەڕی بەها کۆنەکان دەکەن دەتوانن ببنە «وردەپزیشکی کەلتوری».
لەم ماوەیەدا یەك دوو کلیپێك لەلایەن گەنجێکەوە بڵاوبووەوە کە پەلاماردان و گاڵتەکردنە بە کۆمەڵێك بەهای کۆن. ناوەڕۆکی ڕستەکان کێشەدارن و بەپێی عادات ونەزاکەتی کۆمەڵایەتی جۆرێکن لە سنورشکاندن و تێپەڕاندن. ئەمە ڕەنگە جێی ڕەخنە بێت. بەڵام دەبێت تۆزێك وردتر لەسەری بوەستین: ئەوەی لەم کلیپانەدا گرنگن ناوەڕۆك نیە، بەڵکو فۆرمە، فۆرمی ڕووت. دەبێت کلیپەکە وەك کلیپێکی بەتاڵ وەربگریت، وەك ژێستێکی ڕەخنەگرانە لە بەها باو و کۆنەکان. ئەگینا هەر وەستانێکی جدی لەسەر ناوەڕۆك، بە کۆنەپارێزی کۆتاییدێت.
ئەو هەموو دەنگە نەیارەی کە بە ڕووی ئەم کلیپانەدا وەستانەوە، چەند ئاماژەیەکیان تیایە:
١)نازانن مێژووی ئێمە، مێژووی ستەمە، ستەمی کەلتوری. بەر لەوەی ئێستای سەرمایەداری بمانچەوسێنێتەوە، ڕابردوویەکی کوردییانە گەنجانی ئێمە دەچەوسێنێتەوە و تێکەڵ بە بەها کۆنەپارێزەکانی سەرمایەداری بووە لەئێستادا(زۆرینەی گەنجان پێیانوایە تەمەنیان

فه‌وتـاوه و ئاینـده‌ش ناتوانێـت هیـچ شـتێك قه‌ره‌بووبكاتـه‌وه).
٢)ئـه‌وه‌ی ئـه‌م گه‌نجـه ده‌یڵێـت، زمانـی خۆیه‌تـی. هه‌ركـه‌س بـه زمانـی خـۆی به‌ره‌نـگاری ڕابـردووی كـۆن ده‌بێتـه‌وه. ئایـا له‌به‌رامبـه‌ر كه‌لتورێكـی سـته‌مگه‌ردا، زمانێكـی هێمـن هیچـی پێده‌كرێت؟(به‌پێچه‌وانـه‌ی ئـه‌و بۆچوونـه خه‌یاڵپڵاوانـه‌وه كـه پێـی وایـه تاكه‌زمانـی ڕه‌خنـه، زمانـی عه‌قڵانییـه). زمانـی پیـس، لـه دنیایه‌كـی پیسـدا درووسـتده‌بێت. بۆیـه ئاساییه جاروبـار هه‌ڵوه‌شـاندنه‌وه‌ی به‌هـا كۆنـه‌كان له‌ڕێگـه‌ی زمانێكـی زبـره‌وه بێـت. نیچـه خـۆی زمانـی زۆر پـاك نه‌بـووه، وه‌ك: كانـت مه‌سـیحییه‌كی چه‌پـه‌ڵ بـوو، دانتـێ ئـه‌و كه‌متیـاره‌ی كـه بـۆ قه‌بـره‌كان شـیعر ده‌هۆنێتـه‌وه...
٣)ئـه‌م گه‌نجـه ڕاسـیزم بڵاوناكاتـه‌وه، هیـچ نه‌ته‌وه‌یه‌كیـش بریتی‌نیـه لـه كوتله‌یه‌كـی یه‌كپارچـه تاكـو بێـت و لـه واقیعـی مه‌جازییـدا بـه‌دوای كلیپێكـدا بگه‌ڕێـت. ئـه‌م كلیپانـه ڕوو لـه نـاوه‌وه‌ن، ڕوو لـه ڕابردوویه‌كـن كـه گه‌نجانـی تووشـی خه‌مۆكـی كـردووه. لێـره‌دا وشـه‌كان ڕۆڵـی تـر ده‌گێـڕن، هـه‌ر وشـه‌یه‌ك به‌دیلـه بـۆ شـتێكی تـر نـه‌ك ڕه‌گه‌زپه‌رسـتی(پێناچێت ئـه‌م گه‌نجـه‌ش لـه ژیانـی ڕۆژانـه‌دا دڵـی عه‌ره‌بێـك و دینداركێـی ئێشـاندبێت). بۆیـه كلیپه‌كـه ترسـی كۆنه‌خوازانـه‌ی نـاو نه‌سـتی خۆمـان زیندووده‌كاتـه‌وه نـه‌ك ئـه‌وه‌ی زۆر تۆلێرانـت و لێبـورده بیـن!
٤)تۆلێرانسـی ڕاسـته‌قینه لـه دونیایه‌كـی تـازه‌دا درووسـتده‌بێت، نـه‌ك دنیایـه‌ك كـه به‌شـێوه‌یه‌كی لۆژیكـی، ڕاسـیزمی تایبـه‌ت به‌خـۆی درووسـتده‌كات. چـی ڕسـته‌یه‌ك لـه‌وه‌ی نیچـه ڕوونـتر شـه‌ڕه‌كه‌مان بـۆ دیاریـده‌كات؟ نیچـه ده‌ڵێـت: ئـه‌وه‌ی ده‌یه‌وێـت به‌هـای تـازه دابهێنێـت، هه‌ربه‌ڕاسـتی ده‌بێـت تێكـده‌ر و وێرانكـه‌ری به‌هـا كۆنـه‌كان بێـت. كه‌واتـه هـه‌ر مرۆڤێكـی گۆڕانخـوازی واقیعـی ئێمـه ده‌بێـت لـه سـاتێكدا ئـه‌و (دینامێـت و تـی ئێـن تی)یـه بێـت كـه نیچـه باسـیده‌كات.

# پووچی لەکوێوە دێت؟

ئەلبێـر کامـۆ جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە پووچـی بەرهەمـی نێـوان مـرۆڤ و جیهانـە، ئـەو لاڵـی و لێڵـی و بێدەنگییەیـە کـە کەوتۆتـە نێـوان مـرۆڤ و جیهانـەوە. مـرۆڤ پرسـیاری هەیـە و جیهـان وەڵامـی ناداتەوە(دەکرێـت جیهـان میتافـۆر بێـت بـۆ ژیـان و میتافیزیـك و بـوون بەگشـتی). پووچـی و ئەبسـێرد و بێمانایـی، لـە تێزەکـەی کامـۆدا دەکەوێتـە نێـوان بـەرەی مـرۆڤ و بەرەیەکـی تاریکـەوە کـە تـا ناکۆتـا بێدەنگـە و بەشـێك لـەم بێدەنگـی و بێماناییـەش دەخزێتـە نـاو ژیانـی ڕۆژانـەی مرۆڤـەوە و لـە لەحزەیەکـدا مـرۆڤ هەسـتدەکات سـەنتەری نامێنێـت، دەخزێـت، شـیرازەی شـتەکان تێکدەچـن، وەك کوتلەیەکـی نەشـاز و غەریبـی لێدێـت بـە دونیـاوە. بـەڵام دەکرێـت لـەو ڕووەوە ڕەخنـەی ئـەم تێـزەی کامـۆ بکەیـن کـە پووچـی دیاردەیەکـی ماتریاڵـی و کۆمەڵایەتییـە. لاڵـی و لێڵیـی پەیوەندیـی نێـوان مـرۆڤ و مرۆڤـە، نـەك مـرۆڤ و جیهـان. ئـەو تێنەگەیشـتن و تەمومژەیـە کـە لەنێـوان مرۆڤەکانـدا هەیـە، ئـەو هەمـوو تەماع و فەنتازیا جیاوازانەیـە کـە ناگەنـە هارمۆنیەتـی تـەواو. دواجـار، ئـەو داوا و پرسـیار و گفتوگۆیانەیـە کـە دەینێریـت بـۆ ئەویـتر و نـاگات. یاخـود ئـەو سـاتانەیە کـە زمـان لـە ڕێژەییبوونـی خۆیـدا دەوەسـتێت. دیارە هەریـەك لـەم دۆخانـەش، شـتی مرۆییـن و لەنـاو مێـژوودا شـکڵیان وەرگرتـووە. ئەمـرۆ هەمـوو پووچـی و تەنگانەکانـی ژیـان وەك پرسـی وجـودی و نەگـۆڕ پیشـاندەدرێت، بـەڵام هەمـووی تێکـڕا ڕیشـەیەکی مێژوویـی و کۆمەڵایەتییـان هەیـە و ئینسـان لەنـاو سیسـتەمدا دەرهـەق بـە ئینسـانەکانی تـر درێـژەی پێـدەدات. بوونـی مـرۆڤ لەنـاو کۆمەڵـگادا مانـا وەردەگرێـت و ئەمـەش هـەر ئـەو شـتەیە کـە لـۆکاچ ناویدەنێـت: بوونناسـیی کۆمەڵایەتـی یـان ئۆنتۆلۆژیـای کۆمەڵایەتـی.

ئەمـڕۆ بـە مانـا کامۆییەکـەی، جیهـان لەبیرکـراوە، چیـتر جیهـان و میتافیزیـك سـەرچاوەی مانـا و بێمانایـی نیـن. ئێسـتا ئیترپووچـی و هەمووشـت لەسـەر زەوی و لەنـاو کات و شـوێنی سیسـتەمدا درووسـتدەبێت.

# خۆڵ و خاشاک...

لـە ڕۆژانـی حەڤـدەی شـوباتدا، گۆرانییەکـی «بورهـان مەجیـد» ببـووە مانیفێسـت و وێـردی ئـەو ڕۆژانـە:

بە گەنجی قاروونی نادەم، خاشاکی کووچە و کۆڵانی

بە دڵ هۆگری ئەم شارەم، ناژیم بەبێ سلێمانی

لـە گۆرانییەکـەدا، هەسـتێکی شەخسـی، جێـی جووڵانەوەیەکـی بەرفـراوان دەگرێتـەوە. نوسـەرێکیش، پـاش بڕیـاری وەرگرتنـی پـارە لـە هاوڵاتیـان بـۆ زبـڵ و خاشـاك، وەك تەنـز و مەجـاز، توانـج لـەم گۆرانییـە و گۆرانیبێژەکـەی دەدات و کێشـەکە بـەم جـۆرە کورتدەکاتـەوە: کێشـە دەکەوێتـە نێـوان سـترانبێژێک و شـارەوانییەوە.

گۆرانیبێژەکـە، شـتێك لـە شـارچێتیی تیایـە و کابـرای نوسـەریش، بـۆ هـەر شـتێك دەگەڕێـت بیگۆڕێتـە سـەر (تەنـز!) و فۆرمێکـی تـری شـارچێتی. هەردووکیـان دوو حەکایەتـی بچوکـن و حەکایەتـە گەورەکـە نابینـن: نیولیبراڵیـزم.

سـپاردنی فڕیدانـی خاشـاك بـە کەرتـی تایبـەت، سـەرەتاکانی جێگیربوونـی نیولیبراڵیزمـە لـە کوردسـتان. سیسـتەمێك کـە «هاوشـاری» و هاوڵاتـی دەگۆڕێـت بـۆ مەسرەفـکار و شـارچێتی جگـە لـە پاشـماوەکانی نۆسـتالیژیایەکی دێریـن هیچـی تـر نیـە. نیولیبراڵیـزم، پاشەکشـە بـە بـازاڕی شـەعبی و ئیشـتراکی دەکات و وردی دەکاتـەوە بەسـەر مـۆڵ و مارکێتـە بێشـومارەکاندا و ئەوانیـش سـتایلی جیاجیـای ژیـان درووسـتدەکەن. بـە هەمـان شـێوە، زبـڵ و حاوییـە شـەعبییەکانی نـاو گەڕەکـەکان و خزمەتگوزاریـی شـارەوانییش شکسـت پێدێنێـت و بـە پارەیـەك پاشـماوەکانی سیسـتەمەکەی خـۆی فڕێدەداتـەوە.

ڕەنگـە زیادەڕۆیـی نەبێـت گـەر بڵێیـن: شـارچێتی هێشـتا پلەیـەك لەپێـش ئـەو تاکگەراییەوەیـە کـە نیولیبراڵیـزم بانگەشـەی بـۆ دەکات. لـە نیولیبراڵیزمـدا، پەیوەندیـی نێـوان مرۆڤـەکان و هاوشـارییەکان دەبنـە پەیوەندیـی پولەکـی و خۆپەرسـتانە، و مـرۆڤ ناچـارە دوور لـە چاودێرییەکـەی جارانـی دەوڵـەت هەمـوو شـتەکانی بکڕێـت و پاشـان بـۆ فڕێدانـی پاشەڕۆکانیشـی پارەیـەك بـدات. نیولیبراڵیـزم جۆرێکـە لـە داروینیزمـی کۆمەڵایەتـی و هەرکـەس پـارەی زیاتـری هەبێـت، زیاتـر دەمێنێتـەوە.

# باوکانی سەردەمی پۆستمۆدێرن...

لـە سـەردەمی سـەرمایەداریی دوایین(یـان پۆسـتمۆدێرن)دا، دەسـەڵاتی بـاوك پارچەپارچـە دەكرێـت. یـان ڕوونـتر: بـاوكان وا خۆیـان دەردەخـەن دەسـەڵاتیان پارچەپارچـە بـووە. ئیـتر لـە باوكـی سیاسییەوە تـا دەگاتـە باوكـی بایۆلـۆژی و ناوخێـزان. زۆربوونـی ناردنـی نامەی بـاوكان بـۆ منداڵەكانیان و بەتایبەتیـش كچـە بچوكەكانیـان، پارچەیەكـە لـەم دەسـەڵاتە وردبـووە.

باوكـی پۆسـتمۆدێرن، لـە پێچاوپێچـی نامەیەكـدا ئامۆژگارییەكانـی خـۆی دەكاتـە چەنـد بەشـێكەوە و دەرخـواردی كچەكـەی دەدات. دەسـەڵاتی باوكانـەی خـۆی لەنـاو هەندێـك دەسـتەواژە و ڕسـتەی جووتڕەهەنـددا دەشـارێتەوە: خۆبچووككردنـەوە و خۆگەورەكردنـەوە لەبـەردەم منداڵەكەدا(هەروەهـا دەرخسـتنی دونیـا وەك تاریكییەكـی نەبـڕاوە). ئـەم دیاردەیـە لـە سـەردەمێكی كۆنـترەوە دێـت، بـەڵام لـەم چەنـد دەیـەی كۆتاییـدا ڕوودەكاتـەوە نوخبـە و هەر نوسـەر و هونەرمەندێـك پەیامێكـی تێكـەڵ لـە كڕووزانەوە/لوتبـەرزی بـۆ منداڵەكـەی دەنێرێت(ئەویـش لـە سـەردەمێكدا كەزۆرێـك لـە نوسـەرانی ئـەم نامانـە بـەردەوام پێماندەڵێـن: ڕۆژگاری «ناردنـی پەیـام» بەسـەرچووە).

دیوێكـی تـری ئـەم دیاردەیـە، گۆڕینـی نـاوی باوكـە بـۆ دایـك. بـاوك جارێكـی تـر لێـرەدا دەسـەڵاتی نێرینـەی خـۆی دەشـارێتەوە و لـە شـوێنێكی تـرەوە دەینێرێتـەوە. بۆیـە پرسـیارەكە ئەمەیـە: پـاش لكاندنـی نـاوی دایـك بـە خۆتـەوە، دەسـەڵاتی بـاوك چیـی لێدێـت؟ ئایـا ئەمـە هەنگاوێكـی سـەرەتاییە بـۆ تێكشـكاندنی ڕەمزییەتـی بـاوك، یـان مەجالێكـە بـۆ ئـەوەی باوكـەكان لـە سـەردەمی پۆسـتمۆدێرندا بەڕەحمـتر و میهرەبانـتر دەركـەون!

بـاوكان هیـچ پەیوەندییەكـی جەوهەرییـان بـە منداڵەكانیانـەوە نیـە. یـان پێچەوانەكـەی: بـاوكان زۆر پەیوەندییـان بـە منداڵەكانیانـەوە هەیـە و دەبێـت منداڵەكانیـان وەك پەیامێـك بێننـە دونیـاوە. ئـەم دوو ڕسـتە بەڕواڵـەت پێچەوانەیـە، پارچەیەكـی هارمۆنـی پێكدێنـن: مـادام منـاڵان پەیوەندییەكـی جەوهەرییـان بـە باوكیانـەوە نیـە، ئـەوا باشـترە باوكـە ڕاسـتگۆكان منداڵێـك درووسـتبكەن كـە بـۆ پەیامێكـی ڕەوا بێتەدونیـاوە. ئـەو پەیامـە لـە ئێسـتا و سـەردەمانێكی دووریشـدا هیـچ نیـە جگـە لـە: شـەڕی پاشـەڕۆژی سیسـتەم و نەخۆشـییە ڕوو لـە زیادەكانـی.

ڕەنگە هەر ئەمە باشترین نامە بێت بۆ منداڵەكان...

# دەربارەی «دزینی بیرۆکە»

جارێکیـان ئـەو ئایدیایـەم ورووژانـد کـە دزینـی بیرۆکـە و دزیـی ئەدەبـی و هتـد، ڕیشـەیەکی تیۆلۆژییـان لـە زەینـی ئینسـانی کـورددا هەیـە. سـوبێکتی کـوردی و خوێنـەری کـوردی، چاوەڕوانـن کـە ئەدیـب و نوسـەر لـە هیـچ و عەدەمـەوە بەرهەمێـك بخولقێنـن وەکچـۆن «خـودا لـە هیـچ و عەدەمـەوە شـتەکان دەخولقێنێـت». واتـە نوسـەر دەخرێتـە جێـی خـودا و تێکسـت لـە سیاقە مێژوویـی و زمانەوانـی و ناونشـینییەکان دەردەکرێت(گەرچـی خۆشـبەختانە وەرگێـڕان دەتوانێـت ئـەم شـۆك و ڕەفتـارە کەمبکاتـەوە). ئـەم لێکچوونـە میتافیزیکییـە شـتێکی ڕێکـەوت نیـە و شـۆڕبوونەوەیەکی مێژووییـە بـۆ نـاو زەینـی مرۆڤـی کـوردی. ڕەنگـە سـەرەتاییترین هـۆکار ئـەوە بێـت کـە ئێمـە زۆر کـەم لەنـاو مێـژوودا ژیاویـن، کەمـتر بـەر مێـژووی گەردوونـی و بەرهەمـە فیکـری و ئەدەبییەکانـی کەوتیـن. بۆیـە هـەر بەرکەوتـن و لێکچوونێـك لەنێـوان نوسـەرێکی کـورد و غەیرەکـورددا وەك کەشـفێکی ڕازئامێـز سـەیردەکرێت و شاگەشـکەبوون دەبەخشـێتە «دۆزەرەوە»کـە.

ئـەوەی لێـرەدا لەیادمـە وەك چارەسـەر، دوو خاڵـە. یەکیـان گشـتییە و ئەویـتر تایبەتـی. وەرگێـڕان بەگشـتی لەتمـە لـە پرسـی دزی دەدات. وەرگێـڕان پـتر ئـەو ڕاسـتییە ڕووندەکاتـەوە کـە ئایدیـا ئەدەبـی و فیکرییـەکان ڕیشـەیەکی گەردوونییـان هەیـە و لـە چەندیـن پنتـدا دەچنـەوە سـەر یەکـتر. ئایدیـاکان شـتێکی یونیڤێرسـاڵین و ڕیشـەی ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە سـوبێکت(یان مـرۆڤ) خـۆی پێدراوێکـی یونیڤێرسـاڵ و گەردوونییـە. بـۆ ئـەوەی ئـەم خاڵـە گشـتییە، تایبـەت بکەینـەوە، لەسـەر پرسـی «نەریـت» دەوەسـتین. نوسـەر، چ ئەدیـب یـان بیریـار و بیرکـەرەوە، دەتوانێـت لەڕێگـەی دیاریکردنـی نەریتـی خۆیـەوە خـۆی لـە سەرێشـەی دزی و تۆمەتەکانـی ڕزگاربـکات. نەریـت وا لـە نوسـەر دەکات هێنـدە پەرشـوبڵاو نەبێـت و لـە کۆمەڵێـك فیگـەردا خـۆی چـڕ و دەوڵەمەنـد بـکات. بـە مانایەکـی تـر، هەرکـە لەنـاو

نەریـت و قوتابخانەیەکـدا خۆتـت چڕکـردەوە، ئیـتر دیـارە تـۆ لەژێـر کاریگەریـی کێیدایـت و چوارچێوەکانـت کامـەن. ئـەوکات تـۆ درێژەپێـدەر و وەفاداریـت دەرهـەق بـە نەریتەکـە، نـەك دز و فـز. پێدەچێـت لەلایەکـی تـرەوە، زۆریـی تۆمـەت لـە ڕۆشـنبیریی کـوردی و نـاو خوێنـەری کـورددا بگەڕێتـەوە بـۆ نەبوونـی نەریـت. ئـەوە غیابـی نەریتـە کـە کۆمەڵێـك دەربڕینـی وەك دزی، جووینـەوە، دووبارەکردنـەوە، هتـد بـرەوی هەیـە. نەریـت واتـە تـۆ بەئاگاداریـی نوسـەران و ئەدیبانـی پێـش خـۆت، ئیـش بـە بیرۆکەیـەك یـان میتۆدێـك دەکەیـت.
بەدەگمـەن کەسـی پسـپۆڕ و ئەکادیمـی دەکەوێتـە بـەر تۆمەتـی دزی. وەكبڵێـی پسـپۆڕ قـەت نابێتـە دز. دیـارە لەبـەردەم کەسـی (پسـپۆڕ)دا، پێویسـتە داکۆکـی لـەو لادان و ئیبداعانـە بکەیـن کـە ناکەونـە نـاو «پسپۆڕییەك»ـەوە و جۆرێکـن لـە ئیزافـە. ئیزافەکـردن و جاروباریـش داشـکاندن و کەمکرکردنـەوە، بریتیـن لـە داهێنـان. داهێنـان لـە فیکـری مرۆییـدا، هەمیشـە بریتـی نیـە لـە هەڵگێڕانەوەیەکـی تـەواو. داهێنـان پرۆسـەیەکی دیالەکتیکییـە و جۆرێکـە لـە کەڵەکەبـوون و تەعدیـل و پیاچوونـەوە.
لـە ڕووی ماتریاڵیزمـی مێژووییشـەوە، ئـەم تۆمەتکارییـەی دزی، لـە ڕۆحـی بۆرژوازییـەوە نزیکـە. بـۆرژوازی، بـە قەولـی لـۆکاچ، لـە گوشـاری ژیانـی واقیعـی ڕادەکات و نوسـخەیەکی تـری ژیـان لەنـاو دەقـە فیکـری و هونەرییەکانـدا درووسـتدەکات و واقیعـی ماتریاڵـی دەداتـە بـەر بۆڵـە و نەفرەت(لـەم حاڵەتـەدا دۆڕانـی بیرۆکـەکان، دۆڕانـی بەهەشـتە درووسـتکراوەکانە). جگـە لـەوەی ئەمـە خاوەندارێتیـی تایبـەت زەقدەکاتـەوە و بیرۆکـەکان بـە موڵکـی تاکێـك دەزانێـت نـەك موڵکـی گشـت. لـەم کاتـەدا تیاچوونـی موڵکـی تایبـەت، تیاچوونـی خاوەنەکەیەتـی. ئابوریـی دەروونیـی کەسـەکە بەسـتراوەتەوە بـەو شـتەوە کـە هەیەتـی، ئەگینـا تووشـی داڕووخانـی دەروونـی دەبێـت و بوغـز دەهاوێژێـت. مارکـس لـە دێڕێکـی بەناوبانگـدا دەڵێـت: «خاوەندارێتیـی تایبـەت وەهـا گەمـژە و بـێ ئینسـافی کردوویـن شـتێك ئـەو کاتـە هـی ئێمەیـە کـە هەمانبێـت». وەك بڵێـی مارکـس کەمـتر ئابورییانـە قسـەدەکات و باسـی دەروونـی کەسـێکی بـۆرژوا دەکات کـە ڕقـی لـە هـەر شـتێکە کـە هـی ئـەو نەبێـت و وەك زەڕەیەکـی تەنیـای کۆمەڵایەتـی لـە بۆسـەدایە بـۆ داماڵینـی ئەوانیـتر لـەو شـتانەی هەیانـە.

6

# From the Absurdity to Resistance

Waleed Omer